ص:56-71

**المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# گریمانەکردنی مەعریفەی پێشینە و پاشینە لە کرۆکەواتا و تویکڵەواتادا لە زمانی کوردیدا

تریفە عومەر ئەحمەد

بەشی وەرگێران، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: trifa.ahmed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

پەیوەستەگیی نێوان زمان و فەلسەفە، لە مەودای زانستی زمانی کوردیدا کەمترین کاری زانستی تێدا ئەنجامدراوە، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەیە، یەکەمین کاری سەرەتایی زانستی بێت، کە گریمانەی چۆنێتیی حوکمی بیرکردنەوەمان لە ڕێگەی چۆنێتیی بەکارهێنانی فەرهەنگ Lexicon-ەوە، دەکات، بەجۆرێك چۆن زانینەکان بەهۆی بەکارهێنانی فەرهەنگەوە دەستدەخەین، تا بەهۆیەوە لۆجیکی پەیپێبردن بە دەوروبەر/ جیهان فەراهەمبکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا ئەو پرسە خراوەتەبەرباس، کە ئاخێوەر تا چەند دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە، مەودای زانینەکان و بیرکردنەوەو تێفکرینی فراوانبکات، بۆ ئەمەش هەردوو چەشنی مەعریفەی پێشین- Priori و پاشین- Posterioriکراوەتە پێوەرو پەیوەست بە هەردوو چەشنی کرۆکەواتا Denotationو توێکڵەواتاوە connotation شیکراوەتەوەو راڤەکراوە.

مەعریفەی پێشین، بە بۆچوونی (کانت) ئەو چەشنەیە لە مەعریفە کە سەلمێنراوەو مەعریفەیەکی بەشەکییە لەناو گشتدا، لەکاتێکدا مەعریفەی پاشین لەگەڵ ئەزموونداییە و پێویستە لەڕێی ئەزموونەوە بسەلمێنرێت، پەیوەست بە زمانەوە، ئەم دوو چەشنە مەعریفەیە چۆن بە کەتیگۆرییەکانەوە پەیکاڵ/تەتابوقکراوە؟ بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بۆ دوو بەش جیاکراوەتەوە، بەجۆرێك لە بەشی یەکەمدا پوختەی تیۆری مەعریفە خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمیشدا چۆنێتیی بەکارهێنانی کرۆکەواتاو توێکڵەواتا پەیوەست بە مەعریفەی پێشینەو پاشینەوە شیکراوەتەوەو پاشان بەپێی چەشنی مەعریفەی هاوپێچ بە کرۆکەواتاو توێکڵەواتاوە جۆری حوکمی زمان راڤەکراوە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی (پەسنی- شیکاری) بەستراوەو بەهۆیەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بە سێ گریمانە دەستەبەرکراوە، هەروەك: أ. کرۆکەواتاکان و ڕستە پرۆپۆزیشنە ڕاستەقینەکان، بەشێك لە ئیدیۆمەکان، کە هەڵگری کۆزانیاریی زمانین، لە جێبەجێکردنی پەیوەندییە باوەکاندا کەڵکلێوەرگیراوەو لەم توێژینەوەیەدا بە چەشنی مەعریفەی پێشینە گریمانەکراوە، بەجۆرێك ئەم چەشنە لە مەعریفە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی ئاسۆییانەی تاك دەبێت و وادەکات مێشکی ئاخێوەر لەڕێی بەکارهێنانی کرۆکەواتاکان و بەکارهێنانە باوەکانەوە چەقبەستوو ببێت و کەمتر دەرفەتی فرە لێکدانەوەیی بە تاك ببەخشێت، ب. توێکڵەواتا بەوپێیەی بەگشتی بەشێك نییە لە کردارو کرداربەندیی ڕستەو دەربڕاوەکان، لەم توێژینەوەیەدا وەك مەعریفەی پاشینە گریمانەکراوە، کە کاریگەری لەسەر ئاستی ستونی بیرکردنەوەی تاك دەبێت، ت. بەپێی هەریەك لە خاڵی (أ،ب)، بەرهەمهێنانی کرۆکەواتای وشەکان کار دەکاتە سەر فراوانبوونی فەرهەنگی زمان و چۆنێتی بەکارهێنانی کرۆکەواتای فەرهەنگیش، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو گۆڕانی دونیابینی ئاخێوەر دەبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە گریمانەییە دەستەبەردەکات کە مەعریفەی پێشینە پتر لە مەعریفەی پاشینە مەعریفەیەکی زاڵ و باوی ئاخێوەرانی زمانە.

**کلیلەوشەکان:** کرۆکەواتا، توێکڵەواتا، مەعریفەی پێشینە، مەعریفەی پاشینە، پرۆپۆزیشن، حوکمی سێسیتیکی، حوکمی شیکاری.

**الملخص:**

العلاقة بين **اللُّغة والفلسفةفي إطار اللِّسانيّات الكُرديَّة،** من الموضوعات التي أجريت فيها القليل من الدِّراسات العلميَّة. لذا قد يكون هذا البحث الأول من نوعه كعمل بدائيّ علميّ، حيث يضع فرضيَّة كيفيَّة حكم الفكر عن طريق كيفيَّة استعمال المعجم، بشكل يوضح كيفيَّة توظيف المعلومات عن طريق استعمال المعجم لتحديد الإدراك المنطقيّ بالسياق/ العالم. في هذا البحث تمَّ التّركيز على مسألة المُتحدِث وإلى أي درجة يستطيع أن يوسع مدى معلوماته وتفكيره عن طريق استعمال اللُّغة. وبناءً على هذا، شُرِح وحُلِّل كلا النوعين من المعرفة السابقة واللاحقة قياسًا على كل من المعنى المعجميّ والمعنى الضمنيّ ومُرتبطًا بهما. والمعرفة السابقة من وجهة نظر **(كانط)** هي المعرفة التي تمَّ إثباتها، وهي معرفة جزئيّة ضمن معرفة عامة. في حين المعرفة اللاحقة تأتي مع التّجربة، ويتطلب

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

إثباتها بالتّجربة. وعليه، كيف لهذين النوعين من المعرفة أن يتمَّ تطابقهما مع الفئات مُقترِنة باللُّغة؟ ولهذا قُسِم البحث على فصلين: ففي الفصل الأوَّل، عُرِض ملخصٌ لنظريَّة المعرفة، وفي الفصل الثَّاني، تمَّ تحليل كيفيَّة استعمال المعنى المعجميّ والمعنى الضمنيّ مُقترِنًا بالمعرفة السابقة واللاحقة، ثم شُرِح، حسب نمط المعرفة ومُرفقًا بالمعنى المعجميّ والمعنى الضمنيّ، نوع حكم اللُّغة. ونهج هذا البحث المنهج الوصفيّ التحليليّ، ومن خلاله تمَّ عرض الاستنتاجات عبر ثلاث فرضيّات.

**الكلمات المفتاحية:** المعنى المعجمى، المعنى الضمنى، المعرفة السابقة، المعرفة اللاحقة، الحكم التحليلي، الحكم التركيبي.

**Abstract:**

Relating Language to philosophy, this domain has a few research in Kurdish linguistics, this article (Hypothesis Priori and A Posteriori Epistemic in Denotation and Connotation), it is the first primary scientific work which presume how judging our thoughts with use lexicon our language, so that might afford logical perception in context for language.

This research focuses on this question, “to what extend speaker expand their thought domain by language?” for this takes both priori and a posteriori episteme and it became measure then it related and analysis to both kinds meaning denotation and connotation.

For do these, the research divided into two sections, the first section dedicated to brief illustrating epistemology, in the second section, explain how to use denotation and connotation relate priori and a posteriori episteme, then according to a verity of epistemic crowd of denotation and connotation explain the type of governing.

This research depends on approach (Descriptive- Analysis) and by them receive three hypotheses as a conclusion.

**Key words**: Denotation, Connotation, Proposition, Analytical Judgment, Synthetical Judgment, Posteriori, Epistemic, Priori episteme.

### ١. کورتەیەك دەربارەی تیۆری مەعریفە/ زانین

#### ١/١ تیۆری مەعریفە/ زانین

لەنێو مەودای زمانزانیدا، هەریەك لە زاراوەکانی کۆزانیاری/ کۆزانین، زانین/ مەعریفە، تێکەڵی و ناڕوونییەك لە بەکارهێنانیاندا هەیە، لە هەندێك کتێب و لێکۆڵینەوەدا لەبرییەکتر بەکارهێنراون، لەکاتێکدا سنوری بەکارهێنانیان بەپێی چەمکی زاراوەییان جیاوازن، بەجۆرێك کۆزانیاری/ کۆزانین Knowledge زاراوەیەکی تایبەت بە زانستی زمانی بەرهەمهێنان و درککردنە، توێژەران و پسپۆرانی بواری زانستی زمان بۆ جیاکردنەوەی چەشنەکانی کۆزانیاریی زمانی و نازمانی، بەکاریانهێناون، هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە لە راڤەکردنی زاراوەی ئیپستمۆلۆژیادا، وشەی ئیپستم بە واتای کۆزانیاری یان تێگەیشتن دێت. بڕوانە (Stanford Encyclopedia of Philosophy).

مەعریفە/ زانین، لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی بواری فەلسەفەیە و لە هەمانکات ناولێنراوە بۆ یەکێك لە تیۆرە گرنگەکانی فەلسەفە کە تیۆری مەعریفە/ زانینە،[1] جیاوازیی سەرەکی هەریەك لەم دوو زاراوەیە کۆزانین/ کۆزانیاری و مەعریفە/ زانین بۆ چۆنێتیی پەیوەستەگیی فۆرم و زانینەکان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك مەعریفە لە چۆنێتیی دەستخستنو وەرگرتنی زانینەکان دەکۆڵێتەوە، وەلێ کۆزانیاریی کار لەسەر چەشنێتیی چەمکی کۆزانیارییە بەدەستهاتووەکان دەکات، یاخود لە جۆری کواڵێتیی زانین دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە بواری زانستی زمانی درکپێکردنو بەهۆی کۆی ئەو تیۆریانەی، کە لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە، بەهۆیەوە لە چەمکی فۆرمە زمانییەکان بە وابەستەکردنی بیرو زمانو جیهان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە زمانەوە، بەڵکو لە سنوری

[1] د. حمید عەزیز کە نووسەرو وەرگێڕێکی دیاری بواری ئەپستمۆلۆژیایە لەنێو بەرهەمەکانیدا بە زاراوەی /زانین/ ئاماژەی بۆ کردووە، لەم توێژینەوەیەدا هەردوو زاراوەی (مەعریفە و زانین) وەك هاواتای تەواوی یەکدی بەکارهێنراون.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

فەلسەفەشدا مەودایەکی بەرفراوانی پاوانکردووە، بەمپێیە جیاوازیی سەرەکیی نێوانیان کوالّیتی- جۆرایەتی و چۆنایەتیی بەدەستخستنی زانینە.

بەوپێیەی توێژینەوەکە تایبەتە بە مەعریفە، بۆیە هەوڵدەدەین راڤەکان لە مەعریفەدا چڕبکەینەوە.

**لە فەلسەفەدا مەعریفە لەم رووانەوە دەپشکنرێت:**

**یەکەم/ گرنگیدان بە جیاوازییە هەستەکییەکان و هزرییەکان، بەجۆرێك:**

أ. جیاوازیی نێوان هەستەکانو دەرەوەی بازنەی هەستەکان چییە، راڤەکردنو لێکۆڵینەوە لەم جیاوازییانە، چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟
ب. جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی ئاوەز بە درکپێکردنێکی بەڵگەنەویست درکیپێدەکات، هەروەها ئەوەی بە ئەزموون درکیپێدەکات.

**دووەم/ جیاکردنەوەی خود لە بابەت**

تیۆری مەعریفە لە جیاکردنەوەی نێوان زانیاریی خودیو زانیاریی بابەتی دەکۆڵێتەوە، هەڵبەت ئەوەی پەیوەستە بە خودی درکپێکراوەوە بۆ دەرونزانی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەوانەش، کە پەیوەستن بە بابەتی درکپێکراوەوە، بە زانستی سروشتییەوە گرێدەدرێنەوە.

**سێیەم/ مەعریفەی هەبوون**

ئەم چەشنەش لە تیۆری مەعریفە لە بابەتی وجودو گۆڕان دەکۆڵێتەوە.

ئەوەی گرنگە بۆ ئەم توێژینەوەیە چۆن زمان بەم تیۆرییەوە پەیوەستبکەین؟ بەجۆرێکی دیکە چۆن قوڵیی زمان و حوکمکردن بەپێی زمانی کوردی لە دووتوێی ئەم تیۆرییەدا بەرجەستەبکەین.

**٢/١ تیۆری مەعریفە/ زانین پەیوەست بە ئیپستمۆلۆجیاوە**

ئیبستمۆلۆجیا Epistemology لە چۆنێتیی تێگەیشتن/زانین لە رێگەی عەقڵو هەستەکانەوە دەکۆلێتەوە، کە لە دوتوێیدا وەڵامی چییەتیی مەعریفەو چۆنێتیی گەیشتنمان بە مەعریفە دەدرێتەوە، بۆ ئەمەش ئیپستمۆلۆجیا بایەخ بە گومان دەربارەی بانگەشەی مەعریفە جیاوازەکان دەدات. بۆ نمونە لای لۆك ئیپستمۆلۆجیا پرۆسەی تێگەیشتنی مرۆڤە، ئیپستمۆلۆژیی کانت هەوڵێك بووە بۆ تێگەیشتن لە مەرجی ئەگەرەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ، لای راسلیش دەکرێت ئەوەیە کە چۆن بیانو بۆ زانستی نوێ، بەهۆی ئەزموونبەندیی هەستەکانەوە بهێنرێتەوە، (بڕوانەStanford Encyclopedia of Philosophy، شیلان ئەحمەد: 2015 و ئەو سەرچاوانەی پەیوەست بەم بابەتەوە لە دوتوێیدا بەکارهێنراوە.)

ئیپستمۆلۆجیا پەیوەستە بە مەعریفە بەگشتیو مەعریفەی زانستی بەتایبەتی، کە زانست دەکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییە لە رێبازی زانستیو سروشتە راستی و راستەقینەکەی، کە پێیدەگات. هەروەها ئیپستمۆلۆجیا تایبەتمەندێتیی نێوان دەروازە ئۆنتۆلۆجییەکانو وجودی شتەکان لەناو خۆیاندا دەگرێتەوە، هەروەك دەوترێت عەقڵ جەوهەرێکی سادەی جیاوازییەکانە"، یاخود عەقڵ خاوەن ئیدراكو بیرە پەتییەکانە، بەمپێیە تەوەرە ئەبستمۆلۆجییەکان تەواو لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفین. قوتابخانە جیاوازەکانی ئیپستمۆلۆجیا، دوو رێبازی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش ا. رێبازی ئەزمونگەرا ب. رێبازی عەقڵگەران، هەرچی قوتابخانەی ئەزمونییە، هەستەکان دەکاتە بنەڕەتو سەرچاوەی مەعریفەو جۆری مەعریفەکەش بە مەعریفەی هەستەکی دەناسێنێت، لە بەرامبەردا قوتابخانەی عەقڵگەرا پشت بە عەقڵی پەتی دەبەستێت، بەو مانایەی عەقڵ دەکاتە سەرچاوەی مەعریفەو بەرهەمهێنانی مەعریفە، مەعریفەکەش بە مەعریفەی (عەقڵی پەتی) ناوزەددەکات. پەیوەستکردنەوەی هەردوو بوارەکەش بەتایبەتی لەم توێژینەوەیەدا، لەوەدا دەستنیشاندەکەین، کە ئایا پێکهاتەکانی زمانی کوردی، هەڵگری چ چەشنێك لە مەعریفەن.

**٣/١ ئەزموون لە چێوەی تیۆری مەعریفەدا**

ئەزموون لە تێگە سادەکەیدا ئەو مەعریفەیە، کە تاك هەمبەر بە دونیای شتەکان بەدەستیدەهێنێت، ئەم مەعریفەیەش یاخود کۆزانیارییەکی ئاشکرایە-Explicit Knowledge، یان شاراوەیە-Tacit knowledge، لە گشتیترین چەشنەکانی کۆزانیاری،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کە لەلایەن پۆلانی Michaol Polanyi لەساڵی 1958، 1967 دواتریش هەر یەك لە Daftو Nonake& Takeuchi ئاماژەی بۆ کراوەتەوەو لە بواری کۆزانیاریی کارگێڕیدا خراوەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە (بڕوانە: Nonako. I& Takeuchi. H, 1995). پۆلانی، دوو تێگەیشتنی جیاوازی لەبارەی هەردوو چەشنەکەوە تۆمارکردووە، کۆزانیاریی ئاشکرای بە مەعریفەیەکی فەرمیو ڕێکخراو ناساندووە، بەجۆرێك ئەم چەشنە کە گرێدراوە بە مەعریفە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، لەڕێگەی هێماکانو کتێبەکانەوە بۆ ئەوانی تر دەگوێزرێتەوە، ئەمەش لەلایەن دافتەوە بە (دەربارەی زانین- Knowing about) ناسێنراوە، لەکاتێکدا مەعریفەی شاراوە پشت بە شارەزایی کارامەیی تاکو سیستمی واتاییو پەیبێبردنو بڕیاردانی کەسی دەبەستێت، ئەم چەشنە وەك دافت باسیکردووە، پەیوەستە بە چۆنێتیی مەعریفە Knowing Howوە.

بەمپێیە مەعریفە/ زانینی ئاشکرا مەعریفەیەکی ڕێکخراوو ناوەڕۆك سنوردارە، ئەم چەشنە لە مەعریفە بە ڕوکەشە دەرەکییەکەی پۆلدەکرێت، پاشان بۆ وێنە، نووسین، بەرهەمە تەکنەلۆجییەکان دەگۆڕێتو دەگوێزرێتەوە، لەکاتێکدا مەعریفەی شاراوە لە مێشكو ڕەفتاری تاکەکاندایەو ئاماژە بۆ حەدسو بەڵگەنەویستییەکانو هەستە ناوەکییەکان، کۆدە دەرنەبڕاوەکان دەکات. (فهد بن عبدالله الچویحی 2009: )

میللەر 2002 لە باسکردنی مەعریفەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە توانای مرۆڤ لە گەیاندنی واتای کۆدەکاندا بۆ مەعریفە دەگەڕێتەوە، بەمەش مرۆڤ جۆرێکی دیکە لە مەعریفە بەرهەمدێنێت، کە بە مەعریفەی خودی ناسراوە، میللەر جیاوازیی زانیاریو مەعریفە لەوەدا دەستەبەردەکات، کە زانیاری، خاوەنی واتایەکی جەوهەری نییە، هەمان بەشە زانیاریش دەکرێت جیاواز بێت لە مەعریفەیەکی نمونەیی.

بەمپێیە مەعریفە/ زانین، بەدەستهێنراوێکی ئاوێتەکراوی هەر یەك لە زانیاریو شارەزایی/ خیبرەو درکپێکراوە هەستییەکانی توانای حکومکردنە، لەم ڕوانگەیەوە کیبیسی، پێیوایە مەعریفە هەموو شتێکی شاراوەیی یان ئاشکرایی تاك ئامادەدەکات بۆ ئەداکردنی کردەوەکانیان بە وریایی، یاخود بۆ حکومدانو بڕیاردانێکی دروست. بڕوانە (جاستون باشلار، ١٩٩٨، ٧٣٣-٣٧)

هەندێك بەتایبەت پێشینەکان مەعریفە بەوە جیادەکەنەوە، کە *درکپێکردنێکی بەشەکییو زانست درکپێکردنێکی هەمەکییە*، لەبەرئەوە مەعریفە لە وێناکردنەکانەوە بەدەستدەهێنرێت، بەڵام زانست لە ڕاستێنراوەکانەوە- ڕاستەقینەکانەوە فەراهەمدەکرێت، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستو چەشن و جۆری مەعریفە داواکراوەکەوەو پێویستە لە کردەی مەعریفیو لە خودی مەعریفە خۆشی جیابکرێتەوە، هەروەها جیاکردنەوەکانیش لە سنوری (مەعریفەی پێشینە)و (مەعریفەی پاشینە)دا دەستنیشانبکرێت، پێویستە ئەمەش لە هەردوو مەعریفەئیندەکتیف Inductiveو دیداکتیف Deductive جیابکرێتەوە، کە بە دوو ئاست دیاریدەکرێت:

١. مەعریفەی نەریتی، ئەم چەشنە لە مەعریفە ئینداکتیڤییەو هەموو کەسێك بەهۆی هەستو ژیریو کارامەییە ڕۆژانەییەکانەوە بەدەستیدەهێنێت و پشت بە ئەزمونە ڕۆژانەییەکان دەبەستێت، زۆرکات وەك جۆرێك لە کلێشەی هزری زاڵدەبێت بەسەر هەڵسوکەوتی تاکداو مێشك چەقبەستوودەکات.
٢. مەعریفەی دیداکتیف، پشت بە پێوەرو ئەزمونە زانستییەکان دەبەستێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە هەر لە دیداکتیف و ئێنداکتیف وەك دوو ڕێباز بۆ شیکردنەوەی کەرەستە زانستییەکان و سەلماندنی گریمانەکان و گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی بەکاردەهێنرێت، بنەمای توێژینەوەکەش بۆ ئینداکتیف لە بەشەوە بۆ گشتەو بۆ دێداکتیڤیش بەپێچەوانەوە لە گشتەوە بۆ بەشە، بڕوانە, Aqil Burney&Hussian Saleem, 2008, file:///C:/Users/Asia/AppData/Local/Temp/INDUCTIVEDEDUCTIVERESEARCHAPPROACH05032008300120142602201 9.pdf، بۆیە ئینداکتیف ئەو چەشنەیە لەمەعریفە، کە مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەروەك ئەو چوارچێوە فیکرییەی مرۆڤ دەربارەی بڕواکانی هەیەتی و بەرگرییان لێدەکات، هەر بیرۆکەو دیمەنێکی دیکە بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی بڕواکانییەوە بە هەڵە لێکیدەداتەوەو ڕەتیدەکاتەوە.

مەعریفەی دێداکتیف، پشت بە ڕێبازی هۆکاریو یەکلایی/ حەتمی- Determinism دەبەستێت، بەو واتایەی هەموو ڕوداوێك بە هۆیەك ڕوودەدات، هەمان هۆکار پێویستە هەمان زانیاری لە باری یەکسانیی تەواوی مەرجو بارودۆخی دەوروبەرەکە بە مەعریفەی زانستی بەرهەمبهێنێت، لەبەرئەوە تێگەی مەعریفە ئاماژە بە دوو دەروازەی تەواوکاری دەدات: ١. کردەی ئاوەزی/ عەقڵی: درك بە ڕواڵەتی بابەتەکان دەکات، هەروەك کردەی کاردانەوەی ڕواڵەت لە هۆشدا، ٢. ئەنجامی کردە ئاوەزییەکە بەدەستهێنانی وێنەی شتەکانە لە زەیندا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گومانكردن له مەعریفە، چەند پرسیارێك دەگرێتەخۆ: ئایا مرۆڤ توانای دركپێكردنی هەموو شتەكانی هەیە؟ ئایا دەتوانێت بە هەموو راستەقینەكان بگات؟ ئایا توانای دڵنیایی بۆ راستگۆیی دركپێكردنو تەندروستیی زانیاری هەیە؟ لەمەشدا زمان چ رۆڵێك دەبینێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی وەها پرسیارگەلێكیش، پێویستە سێ جۆر مەعریفە، كە هۆكاری جیاكردنەوەی رێبازەكانن، دیاریبكرێت:

یەكەم/ رێبازی ئاوەزگەرایی: ئەم رێبازە وەك پێشتر ئاماژەپێكرا، لە راڤەكردنی مەعریفەدا پشت بە عەقڵ، نەك هەستەكان، یان ئەزمونەكان دەبەستێت، هەروەك فەلسەفەی نوێی دیكارت، سپینۆزا، لیبنتز، دیكارت لە فەلسەفەكەیدا پرسیار دەربارەی سروشتی جیهان دەكات؟ لەوەش تێپەڕدەبێت بۆ هەوڵی وەڵامدانەوەی چۆنێتیی مەعریفەی مرۆڤ دەربارەی جیهان، واتە مرۆڤ چۆن دەزانێت؟ مەعریفە لای سپینۆزا دوای راستكردنەوەی چەمكەكانو پاككردنەوەی عەقڵو دركپێكردنە گومانلێكراوەكانە، هەر یەك لەم بۆچوونانەش، كە چۆنێتی دەربارەی زانین و كاركردن لەسەر گومانەكانە، مەعریفەیەك بەرهەمدێنن، كە بریتییەلە مەعریفەی پاشین.

دووەم/ رێبازی ئەزموونگەرایی: ئەم رێبازە هەستەكان بە تەنها دەرگای مەعریفە دادەنێن، ئەزمون بەهۆی هەستەكانەوە سەرچاوەی كۆتایی هەموو مەعریفەیەكە، جۆن لوك، هیۆم، باركلی سەر بەم رێبازەن.

سێیەم/ رێبازی حەدسی: هەروەك برجسۆن نواندوێتی، ئەم سەرچاوەی مەعریفە نە بە عەقڵ دادەنێت، كە هەڵهێنجانی/ ئیستنباتیو لێكدەرەوەیی/ ئیستیدلالییە، نە هەستەكانە، كە دركپێكردنو هەستپێكردنە، بەڵكو حەدسە، كە دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری حەقیقەت، كەشفی واقیع بەبێ عەقڵ، یان هەستەكان دەكات، ئەو كۆزانینە ئایدۆلۆژیا دینییانەی لەنێو فۆرمەكانی زماندا هەڵگیراون و تاك رەفتاریان پێدەكات، بریتین لە مەعریفەی پێشین، كە مەعریفەیەكی كڵێشەدارو قاڵببەستووە.

بەمپێیە رێبازی عەقلی، پەیوەستە بە مەعریفەی عەقلییەوە، هەروەك مەعریفەی بیركاری وەك زانست، رێبازی ئەزمونگەری پەیوەستە بە هەستەكانەوە هەروەك زانستە سروشتییەكان، بەڵام رێبازی حەدسی پەیوەستە بە مەعریفەی حەدسییەوە، هەروەك زانستی ئایینی، ئاكاریی، تەسەوف.

مرۆڤ بەهۆی فۆرمەكانی زمانەوە، هەم بیرو چەمكەكانی بەكۆددەكات، هەمیش دەربڕینە زمانییەكان كاریگەریی لەسەر مەودای تێفكرین و بیركردنەوەو مەعریفەی مرۆڤ دەبێت، بڕی كاریگەرییەكەش پشتبەستووە بە چییەتیی ئەو كۆزانینانەی لە فۆرمەكانی زماندا هەڵگیراون. بڕوانە (Chomisky, 1981, 223)

لێرا بۆرۆدیتسكی**Lera Boroditsky كە پرۆفیسۆری یاریدەدەرو پسپۆری بواری سایكۆلۆجی و دەمارزانی و هێمالۆجییە، ئاماژە بەوە دەكات كە زمان دیارییەكی دانسقەی مرۆڤە، چەقی ئەزمونەكانێتی و رۆڵێكی بەهاداری لە پێكهاتنی ئاوەزمەندێتی ژیانی تاكدا هەیە، هەنگاوێكە بۆ نزیكبوونەوە لە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤایەتی، لەمەشەوە راڤەی ئەوە دەكات كە چۆن *فۆرمی زمان چۆنێتی بیركردنەوەمان دیاریدەكات* ، ئەمەش لە چێوەی وتارێكی زانستیدا بەناوی (چۆن شێوەی زمانەكەمان دەبێتە رێگەی بیركردنەمان) ئەمەو دواتریش كۆی وتارە زانستییەكانی دیكەشی لە دوتوێی كتێبێكدا بە ناوی (** What's Next? Dispatches on the Future of Science: Original Essays from a New Generation of Scientists) **بڵاوكردەوە.**

بۆ پەیبردن بە چۆنێتیی بیركردنەوەمان، گرنگە باس لە چەشنەكانی مەعریفە پەیوەست بە زمانەوە بكەین، بەجۆرێك ئەو مەعریفەیەی لە فۆرمەكانی زمانی كوردیدا هەڵگیراون تا چەند دەبێتە بنەمایەك بۆ دەستەبەركردنی بیرو تێڕامانی تاك، لێرەدا پێویستە گریمانەی دوو جۆر لە بیركردنەوە بەهۆی فۆرمە زمانییەكانمانەوە بكەین، كە بیركردنەوەی چەقبەستوو لەگەڵ بیركردنەوەی گۆڕاو، یان بیركردنەوەیە لەگەڵ ئەزموون، بۆ ئەمەش هەردوو چەشنی مەعریفەی پێشنەو مەعریفەی پاشینە دەكەینە پێوەری جیاكردنەوەكە.

**٢. مەعریفەی پێشینەو پاشینە پەیوەست بە زمانەوە**

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بكەین، كە تێگەیشتن "توانایەكی مرۆییە بۆ كشانی چەمكەكانو گرێدانو حكومدانیان، تێگەیشتن بەو توانایە دەوترێت، كە لەڕێگەی پێكهێنانی چەمكەكانەوە بیر لە شتەكان دەكەینەوە، بە لای كانتەوە مەعریفەی عەقڵی، ئەو جۆرەیە لە مەعریفە، كە ملكەچی یاساكانی تێگەیشتن بووە، هەر تێگەیشتنێك وادەكات، توانای وێناكردنی هەبێت بۆئەوەی پێش ئەزموون، پێشئەوەی بگاتە چەمكەكانی عەقڵ، مەعریفەیەكی خۆبەخۆ وەك پێشینەیەك لەناو ئێمەدا چەكەرە بكات" (كانت، ٢٠١٤، ٢٨)، لێرەدا پێویستمان بە شیكردنەوەو راڤەكردنی چەمكەكان و چۆنێتیی بەستنەوەی چەمكەكان هەیە، چونكە ئەنجامی لێكدانەوەی چەمكەكانو ئەو كۆزانیارییانەی لەنێو چەمكەكاندا هەڵگیراون، چۆنێتیی دروستكردنی وێنەكان بەرجەستەدەكەن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**١/٢ کرۆکەواتا، ئیدیۆم وەك مەعریفەی پێشین**

مەعریفە، یان زانینی پێشینە، ئەو چەشنە زانینەیە، کە بۆ تێگەیشتنی پێویست بە ئەزموونکردنی ناکات، بەڵکو ڕاستییەکە لەنێو هێماکاندا هەڵگیراون و خۆیان گوزاشت لە ڕاستەقینە دەکەن، هەروەك ڕستە ماتماتیکیی و تیۆتیۆلۆجییەکان و تیۆرییەکانی مەنتیق و ڕستە پرۆپۆزیشنەکان، کە ئەمەش بەپێی بۆچوونی ئاوەزگەراکان خراوەتەڕوو.

ئەم چەشنە ڕستانە ڕواڵەتین و هەڵگری ناوەرۆکێکی ڕاستەقینەن، هیچ زانیارییەك دەربارەی جیهان نادرکێنن، وەلێ لە هەموو جیهانێکی شیاوەکیدا ڕاستو دروستن، بۆیە هەر مەعریفەیەکی پێشین، هەم وەك زەرووتەتێکی مرۆییو هەم وەك یەقینێك، خۆی دەناسێنێت. (کانت، 2014: 27-59)، ( حەمید عەزیز، 2005، 11-12)

وشە فەرهەنگییەکان بەپێی کەتیگۆرییەکانیان و چەشنێکی ئیدیۆم، بەپێی پرۆپۆزیشنەکانیان وەها گریمانەدەکەین، کە هەڵگری مەعریفەی پێشینە بن، بەجۆرێك واتاکانیان لە هەر دەبڕینێکدا هەڵگری هەمان واتای کرۆکەواتاو دەقاودەقەکانیان بن و نوێنەری جیهانی ڕاستەقینە بن.

**١/٢-١ کرۆکەواتا Denotation**

کرۆکەواتا، ئەو چەشنە لە واتا دەگرێتەوە، کە ڕاستیو ڕاستەقینەن، هەر لەبەر ئەمەیە، کە بە واتای لۆجیکیش ناودەبرێت (Lyons, , 1996:77)، (محمدی مەحوی، 2009: لا60، 75)، هەروەها زمانزانەکان کرۆکەواتا بە واتای (دەقاودەق)یش پەسندەکەن، ئەو واتایەی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو خاوەن دەروازەی فەرهەنگییە(Sebastian Lobner, 2002, 25)، ئەمەش وادەکات کرۆکەواتا لە پرۆسەی بەیادهێنانەوەدا سانایانە واتاکەی دەستبکەوێتەوە.

لە وشە سادەکاندا، پەیوەندیی نێوان هێماو هێمابۆکراو پەیوەندییەکی لەخۆوەن، بەو واتایەی کورد کاتێك ناوی لە (دیوار، بەرد، لۆکە) ناوە، بیری لە دیوی واتاو خەسڵەتەکانی نەکردووەتەوە، لەبەرئەوەی (دیوار بەربەستە، بەرد ڕەقە، لۆکە نەرمە)، بۆیە پێویستە ئەو ناوەی لێبنێت، بەڵکو لەخۆوەو بەبێ ئەم ڕایەڵە بیرییە بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییانە ناویلێناون، بەمپێیە وشە سادەکان زگماکین نەک پاش ئەزموون و لێکدانەوە بێت، بیرکردنەوە نەبووەلێیان، ئەمەش واتای لەخۆوەیی و ڕەمەکێتییانە، وەلێ ئەمە بۆ ئێستای زمان و کۆی زانیارییە هەڵگیراوەکانی، بوونەتە حەقیقەتی بەکارهێنانی وشەکان. بۆنمونە بۆ ئاخێوەرێکی زمانی کوردی، کرۆکەواتای وشەیەکی وەك (بەرد) هەڵگری حەقیقەتی خەسڵەتی (ڕەقێتی)یە، هەروەها کرۆکەواتای وشەیەکی وەك (بەفر)یش، بەهاو نرخیراستیی سیفەتی (سپێتی) لە کرۆکیدا هەڵگرتووە، ئەم زانیارییە ڕاستەقینەیەش وادەکات تاك پەیوەستبکات بە بەکارهێنانە فەرهەنگییەکەیەوە، هەرکاتێکیش ئەم وشانە بەو خەسڵەتانەوە بەکارنەهێنران، ئەوا لە کرۆکەواتاکانیان دووردەکەونەوە، لەمەودایەکی دیکەی واتاییدا بەکاردەهێنرێت.

بەپێچەوانەی وشە سادەکانەوە، کە لەخۆوەیین، لە وشە هەڵگواستراوەکان و لێکدراوەکاندا، بیرکرنەوەی کورد لەنێو ناونانەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ نمونە گەر بڕوانینە جیاوازییە چەمکییەکانی[گرتن]، [داگرتن/ هەڵگرتن]، [سەرگرتن]، ئەوا ئاسان نییە بەپێی ڕێبازی (سیمانتیکی پێکهێنان)، واتە تەنها لەڕێگەی خەسڵەتەکانەوە بەرجەستەی جیاوازییەکە بکەین، بەڵکو کارە گرانەکە لە شیکردنەوەی وشەکاندایە بەپێی ئەو مەعریفەیەی لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

١. أ. دەرگاکەم بە توندی گرت تا دانەخرێت.
ب. برغوەکەم بە پلایسەکە گرت تا تەواو جێگیربوو.
ت. قاپەکەم بە دەستەسڕێك گرت، تا دەستم ڕەنگاوی نەبێت.

٢. أ. جانتاکەم لەناو ئوتومبێلەکە داگرت.
ب. جانتاکەم/ شتومەکەکەم/ کتێبەکانم داگرت.

٣. جانتاکەم هەڵگرت و بەرەو ئوتومبێلەکەم ڕۆشتم.

٤. من، بۆ دەستکەوتنی ئازوخەکە، دەبوو سەرەبگرم.

وەك پێشتر ئاماژەپێوکرا، وشە سادەکان لەخۆوەین و هیچ بەستەرێکی واتایی لەنێوان فۆرم و واتاکەیاندا نییە، بەو واتایەی مرۆڤی کورد لە ئەنجامی بیرلێکردنەوەو تێڕامانەوە دەنگەکانی نەخستووەتە تەنیشت یەك لەبەرئەوەی کە خاوەنی ئەو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بیرلێکردنەوەیەیە، بەڵکو وشەیەکی دروستکردووە تابەهۆیەوە ئەو بیرلێکردنەوەیەی نمایندەبکات، بەمپێیەش بەکارهێنانی هێماکە بەرجەستەی مەعریفەی وشەکەیکردووە، هەروەك چەمکی وشەی (گرتن) لە نموونەی (١)دا، /بڕی هێز/ لەخۆدەگرێت، کردەی بەکارهێنانەکەی وەك پۆلەڕەگەزی (ناوی کرداریی)، پەیوەستە بە دۆخی (بکەری- Nominative، داتیف- Dative، بەرکاری- Aqusative)یەوە، پەیوەندیی هەریەك لەو دۆخانە بڕی توندیی هێزەکە وەك خەسڵەتی سەرەکیی کردارەکە دیاریدەکات، بۆ نمونە بڕی توندیی هێزی کردارەکە پەیوەستە بە بارستایی ئامێرێکەوە، هەروەك (دەست- جەستەی مرۆڤ)یان هەر شتگەلێك و کەرەستەیەکی دیکە، بەمپێیە بڕی توندی لە (١)دا پەیوەستە بە هێزی دەست و پاڵەپەستۆو قورسایی دەرگاکەوەو بەهۆیەوە چەمکی بڕی توندیی [هێزی زۆر] دیاریدەکات، هەر بەمجۆرە لە (١.ب)دا مامناوەندو لە (١.ت)دا کەم، بۆ وەرگر دەگوێزێتەوە، هەروەك ئاماژەی بۆ کرا جێکەوتە ڕێزمانییەکانی (بکەرو بەرکار) بنەمان بۆ دیاریکردنی بڕی توندیی هێزەکە، بەڵام ڕێژەی توندییەکە، هەر پلەیەك بێت لە بەهای واتای کردارەکە کەمناکاتەوە، کە هەڵگری (بڕی توندیی هێز)ە، ئەم کۆزانیارییە زمانییە، وادەکات وشەکە بەشێوەی ئیدیۆمیش بەکاربهێنرێت.

هەڵگواستنی ئەم فۆرمە لەڕێگەی لاگر- Affix ەکانەوە، تەواوی واتاکە ناگۆڕێت، بەڵکو کۆزانیارییە بنەڕەتییەکە کاریگەری لەسەر هەڵهێنجانی واتاکە دروستدەکات، کە دیاریکردنی ئاڕاستەی هێزەکەیە، لە (بەرزییەوە/ سەرەوە) بۆ (نزمی/ خوارەوە).

لە (٢.أ)، (٢.ب)دا پێدانی زانیاریی (هەڵگرتن و دانانی شتێك)ە، هەروەك جانتا لەناو ئوتومبیل، لەسەر کەنتۆر، لەناو کتێبخانە، لەسەر مێز، بەمجۆرە مەعریفەی پراوپڕ لەم وشەیەدا بریتییەلە (**هەڵگرتن و دانانی شتێك بە چەشنێك هەڵگرتنەکە لە بەرزایداو شوێنی دانانی نزمابیە**)، چەسپینی ئەم کۆزانیارییە لە بەکارهێنانە باوەکەیدا دەربڕینێکی وەك (کتێبەکانم لەناو چاڵەکە داگرت.*)، کە ئاڕاستەکە بەپێچەوانەوە لە (قوڵی/ نزمییەوە بۆ بەرزی/ سەرەوە)یە، ڕەتدەکاتەوە.

لە (٣)دا وشەی هەڵگوێزراوی (هەڵگرتن) جیاوازییەکەی لەگەڵ (داگرتن)دا جووت-جەمسەرییە و ئاڕاستە ستوونی و ئاسۆییەکە دیارینەکراون و بەپێی بەکارهێنانیان پێچەوانەدەبنەوە، هاوپێچ بەمەش پێدانی زانیاریی (دانان)ی تێدانییە، بەڵکو لەبریئەوە چەشنێك لە چەمکی [پاراستن] لەخۆدەگرێت. هەروەك دەوترێت، (خەمت نەبێت پارەکانم هەڵگرتووە.)، هەر ئەم چەشنە مەعریفە تۆمارکراوەی نێو ئاوەزە وادەکات قسەکەر ناچارنەبێت بەرجەستەی دروستە قوڵەکە بکات و بۆ ڕوونکردنەوەی گوێگر بڵێت، (خەمت نەبێت پارەکانم لەو شوێنەی جێی مەترسی بوو هەڵمگرت[هەڵگرت] و لە شوێنێکی دیکە –هەڵمگرت- و حەشارمدا.). یاخود لە دەربڕینێکی دیکەی وەك (دەرمانەکانم هەڵگرتووە.) پەیوەست بە دەوروبەری دەربڕینەکەوە دەشێت مەبەستەکە ئەوە بێت، کە (لە شوێنی تایبەتی خۆی دامناوە، یاخود مەبەستەکە ئەوە بێت، کە (بیرمنەچووەو هێناومە لەگەڵ خۆم)، بەمپێیە لە هەردوو دەربڕینەکەدا جگەلە دیاریکردنی ئاڕاستەکە، هەڵگری چەمکی [پارێزراوێتی]یشە.

لە (٤)دا وشەی لێکدراوی (سەرەگرتن)، تەواو لە واتا سادەو هەڵگواستراوەکانی پێشوو جیادەبێتەوە، ئەو مەعریفەیەی لەم وشەیەدا هەڵگیراوە، بریتییەلە دیاریکردن و پاوانکردنی مەودایەك بۆ بکەر بەبێئەوەی مافی کەس پێشێلبکرێت، ئەمەش بریتییەلە پیشاندانی ڕێزو ئەتەکییەت و مێشککراوەیی بکەر لە زانینی مافی خۆی و ئەوانی دیکەدا.

بەرجەستەکردنی کۆزانیاریی وشەکان لەهەریەك لەبەکارهێنانەکانیاندا، ئەو چەشنەیە لە واتا کە بە (مەعریفەی پێشین) ناوبراوە، بەو واتایەی بۆ سەلماندنی ئەم دەربڕینانە پێویستمان بە بەڵگەهێنانەوەو ئەزمونکردن نییە و لەخۆیدا وەك پێشتر بە کۆزانیارییە زمانییەکە ڕوونمانکردەوە سەلمێنراوە، بە گوزارشتێکی دیکە ئاخێوەری کورد لەڕێگەی ئەم مەعریفەیەوە بەشێوەیەکی باو ئەرکەکانی جێبەجێدەکات.

ئەم چەشنە لە مەعریفەی هاوپێچ بە فۆرمە فەرهەنگییەکەوە، کە لە کرۆکەواتاکەوە ڕاڤەدەکرێت، کۆزانینێکی هاوبەشی لە ئاوەزی ئاخێوەراندا هەیە، ئەمەش دۆخێکی چەقبەستوویی بە تاك دەدات، بەجۆرێك فیچەرە باوەکان بیرکردنەوەی تاك دەوەستێنێت، بەڵام لە پرۆسەی گفتوگۆکردنی ئاسایی و بەڕێکردنی ژیانیدا ئەرکی فەرهەنگی و سینتاکسی، ڕاست و دروستانە دەگەیەنێت.

هاوتێگەی کرۆکەواتا، سێنس-Sense ئەو وێنە هۆشەکییەیە، کە دەربارەی شتەکانی دونیا لە هزردا دەنەخشێنرێت، ئاخێوەر بەهۆی بنەمای سێنسەوە هەم توانای پێناسەکردن و ناسینەوەی شتەکانی هەیە، هەمیش پۆلێنکردن، هەروەك چۆن ئەو خەسڵەتە واتایانەی، کە کرۆکەواتای وشەیەکی پێجیادەکرێتەوە بەهەمان شێوە، سێنسی وشەیەکیش هەڵگری کۆی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بەکارهێنانی وشەیەك لە وشەیەکی دیکە جیادەکاتەوە، بەمەش سێنس و کرۆکەواتا هەڵگری واتای نەگۆڕن، ئەم واتا نەگۆڕەش وایکردووە هەندێك لە زمانەوانەکان پێیانوابێت، کە سێنس و کرۆکەواتا هەمان بابەت بن، بەڵام هەندێکی دیکە لە زمانەوانەکان وێڕای نەگۆڕێتی واتای هەریەکەیان، پێیانوایە مەرج نییە سێنس و کرۆکەواتا هەمانشت بن، بەڵکو دەشێت وشەیەك یان دوو وشە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەڵگری هەمان كرۆكەواتابن، بەڵام خاوەنی دوو سێنسی جیاوازبن، پشتگیری لە هەر بۆچوونێکیان بکەین لەو راستییە ناگۆرێت کە لێکسیمێك بەهۆی سێنسەکەیەوە بە لێکسیمەکانی ترەوە دەبەسترێتەوە، ئەو لێکسیمەش بەهۆی كرۆکەواتای وشەکەوە بە جیهانەوە دەبەسترێتەوە، (Nada Almuttalibi.(2008: 245 ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وشەیەك هەم هەڵگری كرۆكەواتاو هەم هەڵگری سێنسەکەیەتی، هەروەك لە پەیوەندیی واتاییدا Sense Relation دەردەکەوێت.

بۆ نموونە گەر بروانینە كرۆكەواتاو سێنسی /کچ، ژن، خانم، خاتوون/ لە زمانی کوردیدا، ئەوا لە دیاریکردنی چەمکی (+مرۆڤ، +مێ)دا، هەڵگری هەمان كرۆكەواتان و بەو هۆیەشەوە هەمان سێنسیان هەیە، بەڵام وردتر وێنەی هۆشەکیی هەریەکەیان، کە بە چەشنی كرۆكەواتا جێگیرن، جیاواز لەوی دیکە وێنادەکرێت، هەروەك وێنەی هۆشەکیی /ژن، خانم، خاتوون/ لە کۆمەڵگەی سیاسیی کورددا تەنها هەڵگری چەمکی كرۆكەواتاو سێنسی (مێ) نییە، بەڵکو مۆرکی سیاسیی لە (ژن)دا پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە (خاتوون و خانم)دا، بنەمای جیاوازیی سێنس و كرۆكەواتاکانیانن، بەمەش سێنسی {خاتوون، خانم و ژن}مارکەلێدراو دەبن، بۆ ئەمەش بڕوانە جیاوازیی بەکارهێنانی چەمکەکان لە خشتەی ژمارە (١)دا:

**خشتەی (١)**

| ژن | کچ | خاتوون/ خانم |
|---|---|---|
| * سێنسی {ژن١} بریتییەلە نۆرمەیەکە مرۆڤ، وێنەی هۆشەکیی مرۆڤ دەبێتە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی لە گیانلەبەرانی تر.<br>* هەروەها سێنسی {ژن٢} سیاسی، وێنەی هۆشەکیی چەمکی ژن پێکدەهێنێت، ئەمەش جیایدەکاتەوە لە فۆرمەکانی دیکەی ژن، کە مۆرکی سیاسییان لێدراوە.<br>* لەسەر بنەمای ئەم سێنسە فیچەرە واتاییەکانی [+مێ، ±هاوسەرگیری]، جیادەکرێتەوە.<br>* یەکێك لە سێنسە کۆمەڵایەتییەکانی ژن چەمکی هێزو خۆڕاگری و ئارامی و سەلارییە، هەروەك بەکارهێنانی ژن هەیەو ژانیش هەیە. یان دەوترێت ژنە نەگاڵتە. | * سێنسی {کچ} بە هەمان شێوەی سێنسی ژن رەگەزی مرۆڤە،<br>* لەسەر بنەمای سێنسەکە كرۆكەواتای وشەکە بەهۆی چەمکی [+مرۆڤ، +مێ، - هاوسەرگیریی] جیادەکرێتەوە. | * سێنسی {خاتوون/ خانم}، جگەلەوەی هاوشێوەی سێنسی {ژن، کچ}، مرۆڤە، هەروەها خاوەنی سێنسی کۆمەڵایەتی و سیاسییە.<br>* بەپێی بۆچوونی دووەم، مەرج نییە سێنس هەمیشە نەگۆڕ بێت بەڵکو بیرکردنەوەو گۆڕانی ژینگەو دەوروبەر کاریگەری لەسەر گۆڕینی سێنسە ناسروشتییەکان دەبێت، هەروەك ئەو فیچەرە کۆمەڵایەتییانەی هاوپێچی وشەکە دەبن. |

كرۆكەواتاو سێنسی وشە وەك هەڵگری مەعریفەی پێشینە لە هەردوو کەتیگۆریی ناوو کرداردا، پەیوەستە بە خەسڵەتە بەشەکییەکانیانەوە لە گشتدا، ئەمەش بەپێی ١. چۆنێتیی پێکەوەهاتنی وشەکان لەسەر ئاستی سینتاگما (ئەسپەکە رایکرد./ بەراوردییکە بە ئەسپەکە غاریدا.)، هەروەها (ئەسپەکە حیلاندی./ بەراوردییکە بە ئەسپەکە هاواریکرد.)، ٢. چۆنێتی بەکارهێنان و بەتایبەت نەرێکردنیان، مەعریفەکە دەگۆڕێت بۆ مەعریفەی پاشین، هەروەك رستەیەکی (هیچ ئەسپێکی سپی لە جیهاندا نییە.) بەراوردییکە بە (هیچ ئەسپێکی سپی لە تەویلەکەدا نییە.)، پەیوەستەگی نێوان (ئەسپ و جیهان) نەك (ئەسپ و تەویلە) بەشەکی و گشتەکییە، ئەسپ بەشێکە لە جیهان، بەمەش هەڵگری مەعریفەیەکی پێشینەیە، بەڵام نەرێکردنی رستەکە لە ڕێگەی کەتیگۆریی ئاوەڵناوی (سپی)یەوە، مەعریفەکە دەکاتە هەڵگری مەعریفەیەکی پاشینە و وەرگر ناچار بە لێکدانەوە بۆ گەیشتن بە راستی و راستەقینەی نەبوونی چەشنێك لە ئەسپ دەکات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٢-١/٢ ئیدیۆم**

ئیدیۆم ئەو پێکهاتە زمانییەیە، کە واتاکەی بە یەکە پێکهێنەرەکانییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو واتایەکی ئامادەکراوو دیاریکراوی لە فەرهەنگدا هەیە، کە ئەم واتایەش پەیکاڵە بە کەڵتوورو لایەنی کۆمەڵایەتیو بیرکردنەوەو پەیپێبردنی کوردەوە، واتە هاوشێوەی کرۆکەواتا، واتاکەی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، بۆنمونە ئیدیۆمێکی وەك (دڵپیس)، کە واتاکەی لە (بەدگومان)دا چڕدەبێتەوە، وابیرکردنەوەو تێگەیشتنی کوردە بۆ وشەی (دڵ)، ئەمەش وەك حەقیقەتێك لە یادگەی قسەپێکەرانی کورددا هەڵگیراوەو گەنجکراوە. مەرج نییە هەموو ئیدیۆمەکان هەڵهێنجراوی دونیابینی و وابیرلێکردنەوە بن بەڵکو هەندێك لە ئیدیۆمەکان لە ئەنجامی بڕوابوون و تێفکرینی ئایدۆلۆجی کەڵتوورییانە بۆ شتەکان بەرهەمهاتوون، بۆنمونە ئیدیۆمێکی وەك (پێرەش) بەپێی کەڵتووری کورد بەتایبەتی بە ئەو ئافرەتانە گوتراوە، کە لەکاتیهاوسەرگیری و گواستنەوەیان، ئەگەر ماڵە خەزورانیان دوچاری مەرگەساتێك یان کارەساتێك بووبێتنەوە، ئەوا هۆکاری ئەم نەهامەتییەیان بۆ هاتنی بوکەکەیان گەڕاندووەتەوە، یاخود بە کۆرپەیەك گوتراوە، کە لەگەڵ هاتنەدنیایەوە کارەساتێك روویدابێت، بەپێرەش یان وەیشومە وەسفکراوە، ئەم کۆزانیینە دەبێتە مەعریفەیەکی پێشین، هەروەها لە ئیدیۆمێکی وەك (دەستکورت) هاولێکدانەوەیی (دڵپیس)، تێروانینی مرۆڤی کوردە بۆ ئەندامێکی لەش، کە (دەست)ە، لێکدانەوەی هزریانەی (دەستی کورت)، کەپێکەوەبەندیی (دەست) وەك کرۆکەواتاو (کورت) وەك مێتافۆرە، چەمکی (هەژارێتی) بەرهەمهێناوە، ئەمەش وابینین و تێفکرینی مرۆڤی کوردە بۆ پیشاندانی حاڵەتی هەژارێتی و لەهەمانکات وەك پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو کراوەتە وەسف بۆ مرۆڤێکی نەدار، دەکرێت وەها گریمانەی ئیدیۆمەکان بکەین، کەلە ئەنجامی دونیابینیی کوردەوە وەك مەعریفەیەکی پاشین بەرهەمهاتووەو هەڵهێنجراوە، بەڵام کە بووەتە یەکەیەکی فەرهەنگی و سینس و کرۆکەواتاکەی جێگیربووە، ئیدی بۆ ئێستای ئاخێوەرانی کورد بووەتە مەعریفەیەکی پێشین.

ناوەڕۆکی ئیدیۆمەکان، بەپێی هەڵهێنجان و چۆنێتیی بەرهەمهێنانیان بۆ سێ جۆر جیادەکەینەوە:

**یەکەم/** ئیدیۆمە ئەزموونبەندییەکان، ئەم جۆرە لە ئیدیۆم لە ئەنجامی ئەزموونکردن لە ڕێگەی هەستەکان و بەکردەییکردنی دۆخەکە هاتووەتەبەرهەم، بڕوانە ئیدیۆمەکانی (ئەسپێی کراس کۆن، ئەو کاروانچی و من خانچی، پاڵ حەجەکەی گرتووە).

**دووەم/** ئیدیۆمە پەسنییەکان، ئەم جۆرە لە ئیدیۆم، ڕوانگەو دیدو دونیابینیی کوردە بۆ هەڵهێنجانی وشەکەو لە ڕووی پۆلەئاخاوتنەوە، پتر بە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو جیادەکرێنەوە، هەروەك ئیدیۆمەکانی (دەستکورت، تەنافباز، جلخوار، چاوباشقاڵ، زماندرێژ، دەمپیس، چاوپیس).

**سێیەم/** ئیدیۆمە هەڵهێنجراوەکان، ئەم چەشنە لە ئیدیۆم بەوە جیادەکەینەوە، کە بەپێی دەوروبەر مەبەستێکی پراگماتیکی دەگەیەنێت. بەوپێیەی ئیدیۆمەکان هەڵهێنجراوی ئەزموونەکانی پێشینەن و بەو دونیابینی و ئەزموونەوە بوونەتە لێکسیمێکی فەرهەنگی، بۆیە جۆری یەکەم و دووەم لەم توێژینەوەیەدا بە چەشنی مەعریفەی پێشینە گریمانەدەکەین، لەگەڵئەوەشدا چۆنێتیی بەکارهێنانی ئیدیۆمەکان لای ئاخێوەر ئارەزوومەندایە و وەکجۆرێك لە فەرهەنگزانی و قسەزانی وێنادەکرێت، نەك هزرمەندانە بێت و لە ئەنجامی پەیبردن یان ئەزموون و کۆزانینە واتاکەییەوە بەکاربهێنریت، بۆ نمونە گەر جیاوازیی بەکارهێنانی ئیدیۆمە هاواتاکان لە (٥)دا، کە هەریەکەیان بە واتای ڕێژەی هەژاری دێت، بکەینە بەڵگەی دروست و تەواوی بەکارهێنانی ئیدیۆمەکان، ئەوا دەشێت شیمانەی ئەوە بکرێت، کە کەم ئاخێوەر توانای جیاکردنەوەی جیاوازیی (درکپێکردنی واتایی)ی وشەکانی هەبێت، هەڵبەت لەمەشدا زارەکییانەو لە ڕێگەی تێبینیکردنی کەسانی دەوروبەرەوە تاڕادەیەك توانراوە بەڵگەی ئەم شیماندنە وێنابکرێت.

٥. دەستکورت/ ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵێ خانم دەڵێت/ ئەڵێی گسکی مزگەوتی دزیوە/ دوکەڵ لە ماڵی هەڵناسێت/ رووت و رەجاڵ/ بە فلس دەڵێت فەتاح پاشا/ کەر لە ماڵیان بکەوێت دانی ئەشکێ/ ڕەشوڕووت/

هەریەك لەو ئیدیۆمانەی لە (٥)دا خراونەتەڕوو، لەڕووی دەوروبەرو شوێن و شێوازو ئەتەکییەتی بەکارهێنان و درکپێکردنەوە جیاوازن، بۆ نمونە با سەرنجبخەینەسەر هەردووئیدیۆمی /رووت و رەجال/، کەلە دەقێکی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت، هەڵگری سۆزو هەستێکی دۆستانەیە، جۆرێك لە عیرفانییەت و دونیانەویستی بۆ وەرگر دەگوێزێتەوە، لەکاتێکدا بەکارهێنانی ئیدیۆمی /ڕەشوڕووت/ بەپێچەوانەی/رووت و رەجال/، چەمکی تانەدان و بەکەمزانین بۆ بەکارهاتوو دەگوێزێتەوە، هەروەها /کەر لە ماڵیان بکەوێت دانی ئەشکێت/ لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا، وێڕای نیشاندانی ڕادەی هەژاریی کەسێك، هەروەها بە مەبەستی ڕێزنەگرتنی پێگوتراویش بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لەڕاستیدا پەیوەستە بە پەروەردەی زمانییەوە، کە لە سیستمی پەروەردەی کوردیدا خوێندنی ئەم لایەنە زانستییە پەروەردەییە فەرامۆشکراوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەرچی چەشنی سێیەمیشە، کە ئیدیۆمی هەڵهێنجراوە، بە چەشنی مەعریفەی پاشینە جیادەکەینەوە، چونکە دەچنە نێو چوارچێوەی بەرکارهێنانی پراگماتیکییەوە، بۆ نمونە ئیدیۆمێکی وەك /پێیەکی لەم دنیاو پێیەکی لەو دنیا/ پەیوەست بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە پێدەچێت مەبەستەکە ترس و بیم بێت، نەك ساتەوەختی مەرگ و گیانەڵای کەسەکە، لێرەدا قسەکەر بەپێی دەوروبەرەکە توانای بەرهەمهێنانی واتای نوێی لە بەکارهێنانی ئیدۆمەکەدا هەیە.

### ٣-١/٢ رستە- ناوەڕۆك/ پرۆپۆزیشن -Proposition

پرۆپۆزیشن، یان رستە- ناوەڕۆك لە پێکەوەهاتنی کرۆکەواتای وشەکان، کە فۆرم-دروستو واتا راست بێت، بەرهەمدەهێنرێت، (James R. Huford, 2007:16)، (محەمەدی مەحوی، 2009: 250)، بەمپێیە مەبەست لە پرۆپۆزیشن ناوەڕۆکی رستەکانە، کە دەشێت راست، یان هەڵە بێت، راستو هەڵەیی پرۆپۆزەیشنەکان پەیوەستە بە أ. بەهای راستیی رستەو دەربڕاوەکانەوە لە جیهاندا، ب. مەعریفەو باوەڕ، واتە ئەو شتەی لە زهنی تاکدا بە حەقیقەت دادەنرێت، بۆ نموونە رستە-ناوەڕۆکی رستەیەکی وەك (ئەوەی بەرازخۆرە گاورە.) پەیوەستە بە باوەڕی دەربڕی رستەکەوە، لەگەڵئەوەشدا هەردوو گریمانەی راست و هەڵە واتە دوو پرۆپۆزیشن لەخۆدەگرێت، کە دەشێت راست یان هەڵە بێت، بەکورتی رستەناوەڕۆك هەڵگری واتای کرۆکەواتای وشەکانی رستەکەیە، کە بەهاکەیەشێکە لە جیهانی راستەقینەو عەقیدەی قسەکەر، بەمپێیە هەر رستەیەك (هەڵگری پرۆپۆزیشنێکی راستەقینە بێت، ئەوا لە هەمانکات هەڵگری مەعریفەیەکی ئەپریۆرییە). (حەمید عەزیز، 2005، 13-14).

رستە بەهۆی کرۆکەواتای وشەکانەوە پێکدەهێنرێن، ئیدیۆمەکانیش هەروەك کرۆکەواتای وشەکان لە پێکهێنانی رستەدا بەشداریدەکەن، هەر رستەیەکی دەربڕاویش هەڵگری پرۆپۆزیشنێکی راست یان هەڵە دەبێت، لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە هەر رستەیەك، پرۆپۆزیشنەکەی راست بێت، ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەڵگری چەشنی مەعریفەی پێشینە، بۆ نمونە لە (٦)دا رستەیەکی پرۆپۆزیشن راستە، چونکە (دڵ) بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ، کە گشتە، لەبەرئەوە زانیارییەك نییە، کە پێویستی بە سەلماندن بێت.

٦. دڵ ئەندامێکی جەستەیە.
٧. دڵ تەنها لەنێو نیشتیماندایە.

لە (٧)دا وشەی (دڵ) هەڵگری کرۆکەواتاکەی نییە، بەڵکو بەشێوەی توێکڵەواتاو میتافۆریانە بەکارهاتووە، لێرەدا رستەکە وەك پرۆپۆزیشنی میتافۆری دابەشدەکرێت بەسەر تۆپیك و کۆمێنتدا، بەجۆرێك تۆپیك بابەتێکە دەربارەی پرۆپۆزیشنی خوازراوە، کۆمێنتیش وەڵامێکە دەربارەی ئەوەی چی دەربارەی تۆپیکە خوازراوەکە دەڵێت Ochs and Schieffelin, (1983:73)

٨. دڵ: تۆپیکی خوازراو
لەنێو نیشتیماندایە: کۆمێنت دەربارەی تۆپیکی خوازراو

بەپێی جیاکردنەوەی (٨) وەرگر ناچار بە پەیبردن بە زانیارییەکان دەربارەی واتای میتافۆری (دڵ) دەکات، بۆیە لێرەدا پرۆپۆزیشنەکەی جیاوازە لە پرۆپۆزیشنی رستەی (٦)، کە راستەقینەو سەلمێنراوەو بەهۆی کرۆکەواتاکەیەوە بەکۆدکراوە، لەبەرئەوە ئەو مەعریفەیەی پرۆپۆزیشنی رستەی(٦) دەگوێزێتەوە، کە مەعریفەیەکی پێشینە، جیاوازە لەو مەعریفەی پرۆپۆزیشنی دەربڕاوی (٧) دەگوێزرێتەوە، کە مەعریفەی پاشینەو لە ئەنجامی زیرەکی یان بەگشتی لە رێی سیستمی درککردنی مرۆڤەوە بۆ بەستنەوەی لینکە جیاوازەکان بەرهەمهێنراوە.

٩. أ. زستان هەر زستانە.
ب. پیاو هەر پیاوە.

هەر پەیوەست بە پرۆپۆزیشنەکانەوە، دەستەواژە تۆتیۆلۆژی/ هەمان-گۆیی هەڵگری مەعریفەی پێشینن، بەو واتایانەی زانیاریی بکەر بەشێکە لە بەشە کردارییەکە، بڕوانە نمونەکانی (٩)، لۆجیکی ئەم رستە تۆتیۆلۆژیانە پەیوەستە بە لۆجیکی بیرکردنەوەو کەلتوری کوردەوە، ئەم لۆجیکە بیرکردنەوەی وەرگر سنوردارو دەقگرتوودەکات، تا ئەو دەمەی لۆجیکی عەقڵ، لۆجیکی پێشوو رەتدەکاتەوە. ئەو بیرە لۆجیکییەی لە (٩.أ)دا هەڵگیراوەو لە پرۆسەی پەیوەندی و لەیەکگەیشتنیشدا بۆ رازیکردنی بەرامبەر وەك بەڵگەیەکی لۆجیکی لە دەوروبەری جیاوازدا بەکاردەهێنرێت، لێرەدا ئاماژە بە دوو دەوروبەر دەکەین:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دەوروبەری یەکەم/** لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی ئەندامێکی سەر بە رێکخراوی ئافرەتان، کەسی بەرامبەر پێناسیی رەگەزی نێر وەك مرۆڤ بکات، لە هەمبەردا ئەندامی رێکخراوەکە رستەی (٩.أ) دەربڕێت، ئەوا نیشانەی رەتکردنەوەی پێناسە مرۆڤبوونەکەی پیاوە.

لە رستە تۆتیۆلۆژییەکاندا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە حەقیقەتی ئەم رستانە تا ئەو دەمە لە ئارادابێت، کە دیاردەیەکی دیکە جێگرەوەی دەبێت و حەقیقەتی ئەوەی پێشوو دەخاتە ژێر گومانەوە، هەروەك ئەو رستە تۆتیۆلۆژیە ئەوروپییەی دەوترا (قاز هەر سپییە.)، ئەمە وەك راستییەکی بەدیهی و بەڵگەنەویست بەکاردەهێنرا تا ئەو کاتەی قازی رەش دەرکەوت.

**دەوروبەری دووەم/** لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی نێوان دوو رەگەزی نێرو بەتەمەن و دونیادیدەدا، کە دەربارەی چاکەکردن بێت، کەسی یەکەم بیانوو دەهێنێتەوە بۆ براکەی کە نەیتوانیوە لەکاتی پێویستیدا بەهانای ئەمەوە بێت و دەستییگرێت، کەسی دووەمیش بە دەربڕینی رستەی (٩.أ)، بیانووی کەسی دووەم رەتدەکاتەوە، بۆ پیاوی پیاوانە هیچ شتێك نابێتە بیانوو بۆ دەستنەگرتن و هاوکارینەکردنی براکەی، لە هەردوو دەوروبەرەکەدا هەمان راستێتی دوبارەدەبێتەوە.

پرۆپۆزیشنەکان پشت بە راستیی رستەکان دەبەستن، کە هەڵگری هەردوو گریمانەی راست یان ناراست/ چەوتن، ئەوەش لە فۆرمدا، بەڵام کاتێک دەخرێتە ئەزموونەوە، سەلماندنەکە دەبێتە زانین و بڕیارێکی پاش ئەزموونەکی، بۆ نموونە رستەیەکی وەك (بەرازخۆرەکان گاورن.) شیمانەی راستێتیی ئەم رستەیە هەڵگری مەعریفەی پێشینەیەو بەشێك لە کۆزانیاریی کرداربەندییەکە لەنێو بکەردا هەڵگیراوە هەر ئەمەش وایکردووە دەربڕینێکی وەها بۆ مەسیحیەکان راستییەکی حاشاهەڵنەگر بێت، بەڵام هەڵەیی پرۆپۆزیشنەکە دەبێتە مەعریفەیەکی پاشینە، چونکە ئەزموونکردن لەگەڵ جیهان دەیسەلمێنێت، کە مەرج نییە بەرازخۆرەکان گاور بن، بەڵکو دەشێت موسڵمان یان هەر ئاینخوازێکی دیکە بن، ئەمەش بەرەو ئاستێکی دیکەی بیرکردنەوەمان دەبات، بەوەی کێن ئەوانەی بەرازخۆرن، بەمپێیە گریمانەی هەڵەیی پرۆپۆزیشنەکان مرۆڤ بەرەو رەهەندو ئاستی جیاوازی بیرکردنەوە دەبات.

بەگشتی پرۆپۆزیشنە راستەکان بەشێکن لە ئاوەزمەندێتیی ئاخێوەری کورد، لەکاتێکدا لای تاکوتەرا دەستەبژێرە رۆشنبیرەکان پرۆپۆزیشنە هەڵەکان بابەتی بەرهەمەکانیانن، کەوا دەکات بەهۆیەوە نەخشەی ئاوەزمەندێتیی خوێنەری کورد بگۆڕن.

پەندەکان بەهەمانشێوەیرستە تۆتیۆلۆژییەکان و رستە پرۆپۆزیشنە راستەکان، پرۆپۆزیشنێکیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە،مەبەست لە پەندەکانیش، هەموو ئەو دەربراوە کڵێشەییانەن، کە هەڵگری بەهاو پەندو ئامۆژگارین، بەمپێیە هاوچەشنی ئەوانی دیکە، خاوەن مەعریفەیەکی پێشینن و پێشتر لە رێگەی ئەزموونکردنەوە نوێنراون. (بۆ ئیدیۆم و پەند بڕوانە محمدی محوی، ٢٠٠٩، ١٦٥_١٦٧) هەروەها (شیلان عومەر حسین، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٧، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی).

جیاوازیی ئیدیۆم و پەند لەو خاڵەدا بەرجەستەدەکەین، کە لە ئیدیۆمەکاندا چۆنێتیی بیرکردنەوەو دەرککردن و پەیبردنی کورد لە هەڵهێنجانی فۆرمەکان پەیوەست بە کۆزانیاریی دونیاییەوە بەدیدەکرێت، بەمەش نرخ و بەهای کەلتوری، ناوەڕۆکی ئیدیۆمەکان پێکدەهێنن، لەکاتێکدا پەند ئامۆژگاریکردن و دەرسدادانە، بەهۆی ئەوەشەوە چۆنێتیی ئەزموونکردن و بیرکردنەوەو ئاوەزمەندێتیی میللەتێك پێشاندەدرێت، بۆیە زۆرکات وەك بەڵگەو راستیی بەڵگەنەویست بۆ پشتگیریکردن یان رەتکردنەوەی پەیامێك، ئاخاوتنێك، بەکاردەهێنرێت.

**٢/٢ کرۆکەواتا، ئیدیۆم وەك مەعریفەی شیکاریی-** Analytical

ئەگەر ئەم پێکهاتە واتایانەی ناونیشانی سەرەوە هەڵگری مەعریفەی پێشینە بێت وەك لە (١/٢-١، ١/٢-٢، ١/٢-٣) راڤەکراو خرایەڕوو، ئەوا ئەو حوکمەی لەبارەیەوە دەدرێت، حوکمێکی شیکارییە، بەو مانایەی راستیو راستەقینە لەنێو وشەکانو رێکخستنی وشەکاندایە، بەجۆرێك بکەر، یان گرێی ناوی، دەبێتە بارهەڵگری بەشە کردارییەکەی رستە، بۆ نمونە کاتێك دەوترێت (سوکرات مرۆڤە.)، ئەوا راستیو راستەقینەی توخمی مرۆڤ لەنێو سوکراتدا هەڵگیراوەو لەوێدا وتنی بەشە کردارییەکە هیچ زانیارییەکی زیادە نییەو وا لە وەرگر ناکات بیربکاتەوەو دونیابینییەکانی فراوانتر بکات.

فیچەرە واتاییەکانی کرۆکەواتاو ئیدیۆم و پرۆپۆزیشنەکانیان وەك ئەو گریمانەیەی دەربارەیان خستوومانەتەڕوو، بە مەعریفەی شیکاریی/ ئەنالیتیکی جیادەکەینەوە، بۆ ئەمەش پشت بە شیکردنەوەی وشەو پێکهاتەکان پەیوەست بە بەکارهێنانەکانیانەوە دەبەستین.

١٠.أ. ئەسپەکە بە خێراییەکی زۆر بەرەوڕوومان هات.
ب. بە ئەسپێکی سپی غارماندا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ت. جاران تەواوی ماڵێك بە ئەسپێك دەگوێزرایەوە.
پ. هیچ ئەسپێکی سپی لە جیهاندا نییە.

گەر سەرنجی بەکارهێنانی وشەی (ئەسپ) لە هەریەك لە رستەکانی (١٠)دا بدەین، ئەوا بەکارهێنانی کرۆکەواتای ئەسپ وادەکات، رستەکان تەنها گەیاندنی هەواڵێك/ زانیارییەك بێت، کە بەهۆی خەسڵەتە بەشەکییەکانی گیانداری ئەسپەوە دەگەیەنرێت، بەو واتایەی (خێرایی، غاردان، رەنگ سپی، ئەرکی گواستنەوە)، بەشێکن لە کۆی گشتیی خەسڵەتەکانی ئەسپ، هەموو ئەو زانیارییە بەشەکیانەش وەك پێشتر راڤەکراوە بە مەعریفەی پێشینەناسراون، بۆیە هیچ دونیابینی و **مەعریفەیەك بۆ پاشخانی مەعریفەی مرۆڤ زیادناکەن** و هزری مرۆڤ لەم چەشنە بەکارهێنانەدا لە دۆخی وەستاویدا دەبێت و دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لە رستەیەکدا لە رێگەی نەرێکردنییەوە کرۆکەواتای گیانداری ئەسپ بخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەوا کۆدکردن و پرۆپۆزیشنی رستەکە هەڵگری مەعریفەیەکی پاشینە دەبێت، بەو مانایەی قسەکەرو وەرگر لەگەڵ ئەزموونکردندا راستیی رستەکە دەسەلمێنن، هەروەك لە (١٠.پ)دا خراوەتەڕوو بروانە (٢/١-١).

١١.أ. ئەو، کە **پاڵ حەجەکەی گرتووە**، هەر براوە دەبێت.
ب. لێی گەڕێ پرسیاری چی لێدەکەیت، ئەو داماوە **پێیەکی لەم دنیاو پێیەکی لەو دنیاییە**.
ت. ئەو هێندە کارەکەی بەلاوە ناشیرین بوو، هەر کە بیستی **چاوی چووە پشتی سەری**.
پ. ئەوەندە نەیارێتی، **چاوی پێیدا هەڵنایەت**.

بەکارهێنانی ئیدیۆمە هێڵ بەژێردا هاتووەکان لە (١١)دا، هەڵگری چەشنێك لە کۆزانیارین، کە کۆزانیاریی کەلتوری و کۆمەڵایەتییە، بەجۆرێك لە (١١.أ)دا وابەستەکردنی دینە بە گەمە کۆمەڵایەتییەکان و پاشان لەمەشەوە هەڵهێنجانی جێخۆشکردن و وریایی ئاراستەکراو بۆ خاڵی ئامانج، بەمپێیە هەر بەکارهێنانی /پاڵ حەجگرتن/، براوەیی و گەیشتنە بە پنتی ئامانج، بەمپێیە کۆزانیاییەکی بە کۆددکراوو گەنجکراوە لە یادگەی قسەکەردا. لە (١١.ب)دا هەڵگری ململانێی ژیان و مردنە یان دەرخەری دۆخی کەسێکە بەرەو مەرگ، لەمەشدا (پێ)کان وەك (هەنگاو) کراونەتە سیمبوڵ، بەکۆدکردنی (هەنگاونان) بە کرۆکەواتایی و پاشان میتافۆرییەکەی بۆ پەسنکردنی دۆخی مرۆڤێك، کە گیانلەدەستدانە وەرگیراوەو ئیدیۆمێکی (دروستە رستەیی) بەرهەمهێناوە، (١١.ت) هەڵگری راستیی زانستی دەروونی و دەمارزانییە، بۆ نمونە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ئەو گۆڕانکارییە جەستەییانەی لە دۆخی تووڕەبووندا لە مرۆڤدا روودەدات، لەمەشەوە ئەرکی دەمارەخانەکان لە راگرتنی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان و کاریگەریی بۆ هێڵەکان. هەریەك لەم کۆزانینانە راستیەکی بەدیهیی نێو کەرەستەی ئیدیۆمەکانن و بە هەمان کۆزانینەوە بۆ دەرخستنی دۆخێك بەکارهێراونەتەوە، ئەمەش هیچ مەعریفەیەك بۆ ئەزموونی وەرگر زیادناکات و نابێتەهۆی فراوانکردنی مەودای بیرکردنەوەکانی، بۆیە لێرەدا ئەو حوکمەی بەهۆی ئەم پێکهاتە زمانییەوە دەدرێت، حوکمێکی ئەنالیتیکییە.

### ٣/٢ توێکڵەواتا وەك مەعریفەی پاشینە

مەعریفەی پاشینە، ئەو جۆرە مەعریفەیەیە، کە بۆ راستیو دروستی، پێویستی بە ئەزموونکردنەو هەستەکان رۆڵی سەرەکییان لەم ئەزموونکردنەدا هەیە، بۆیە ناتوانرێت بە یەك مەرجی هەواڵی تەواوبکرێت، هەروەك گریمانەو پرۆپۆزیشنەکانی زانستە ریالیستییەکان وەك فیزیك، شت دەربارەی بابەتەکانی دەوروبەر دەڵێنو پێویستیان بە ساغکردنەوەیە، ئەگەر راست بوون دەمێنێتەوە، ئەگەریش نا، لە جیهانی زانست دووردەخرێنەوە. (حەمید عەزیز، ٢٠٠٥، ١٣_١٤)، (کرستوڤەر، ١٠١٢، ٥٠-٥٥).

ئەو کەرەستە زمانییانەی، کە بە واتا فەرهەنگییەکانیان بەکارناهێنرێن، بەڵکو نرخ و بەهای واتایی چ بە شێوەی ئەرێ یاخود نەرێ بۆ زیاددەکرێت، ئەوا لە سکێمای چەمکی کرۆکەواتاکە لادەدات، بەمەش جۆرێك لە بیری جیاواز لە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەکە پەیوەست بە دەوروبەرەوە بەرهەمدەهێنێت، هەروەك بەکارهێنانی توێکڵەواتاکان لە زماندا.

توێکڵەواتا بەپێچەوانەی کرۆکەواتاوە، بەپێی دەوروبەرەکەی دەکرێت بەکارهێنانێکی کاریگەریی ئەرێیی یاخود نەرێیی بۆ زیادبکرێت، ئەمەش پێچەوانەی کرۆکەواتایە،کە وشە یاخود هێماو ئاماژەکانی نێو فەرهەنگ دەگرێتەوە، بەڵام توێکڵەواتای کرۆکەواتاکە کۆمەڵێك واتای لاوەکی و پەیوەستدار پێوەی، گەڵاڵەدەکات و بەشێوەیەکی باو ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت.

توێکڵەواتا بەدەرلەوەی لە بەکارهێنانی گفتوگۆی رۆژانەدا رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت، هەروەها لە مەودای (وێژەوانی)یشدا لەلایەن نووسەرو شاعیرەکانەوە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، هەروەك ئاخاوتنە خوازەییەکانی (میتافۆر، لێکچوون، هێماگەری،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

زیادەڕۆیی، کەمکردنەوە، دژیەکی، میتۆنیمی)، کە هەریەك لەمانەش بە کاریگەریی هەست و وێنا و خەیاڵکردن و درکپێکردن و پەیپێبردن، دێنەبەرهەم و لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر دونیابینی و هزرو ئاوەزمەندێتیی تاکی کورد دروستدەکات.

هەروەك چۆن میتافۆر، وەك پێکهاتەیەکی واتایی، بەهۆی درکپێکردنەکانی مرۆڤەوە بۆ پەسنی ناوێك، یان شتێك بە ڕێگەیەکی ناڕاستەخۆ بەکۆددەکرێتو بەرهەمدەهێنرێت، یاخود هەندێکجار سیفەتی لێکچوون لەنێوان دوو شتدا دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانەکەو هەندێکجاری دیکەش، زیرەکیو وابینینو دنیادیدەییو قوڵیی بیرکردنەوەی قسەکەرو پنتی پەیوەستەگیی شتەکان لای وەرگر، ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی میتافۆرەکەدا دەبێت (بڕوانە: Evans, V. & Green, M. 2006 289)، بەهەمانشێوەش هەموو چەشنەکانی دیکەی تۆێکڵەواتا لە ئەنجامی سیستەمی درککردنی مرۆڤەوە بەکۆددەکرێت، بەڵام ئەم کۆدکردنە بەشێك نییە لە فەرهەنگی بنەڕەتیی زمان و مرۆڤ بەهۆی وردبینی و شارەزایی و بەئاگایی و زیرەکی و لێهاتوویی زمانییەوە دەتوانێت واتاکەی بناسێتەوە، زۆرجار دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری، ڕۆڵی سەرەکییان لە ناسینەوەی تۆێکڵەواتای وشەیەکدا دەبێت.

**١٢. ئەم شەیتانە چی پێناکرێت؟!!**

تۆێکڵەواتا بەستنەوەی دوو لینکە، کە هەر لینکێکیان سەر بە شتێکی جیاواز لەوی دیکەیە هەروەك بەستنەوەی لینکی (أ+ب)، هزری مرۆڤ لە ئەنجامی درککردن بە شێوازی بەرهەمهێنانی هەر یەك لە (أ+ب) چەمکی (ت) بەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێك (ت) یان وەسفێکی جوان، یان دزێو، باش یان خراپ،دۆخێکی تایبەت بە کۆمەڵ یان شێوازێکی تایبەت بە دەربڕین و واتا بەرجەستەدەکات.
مرۆڤ و شەیتان، دوو توخمی جودای ئەفرێنراون، ئەو نیشانە واتاییانەی بەرجەستەی چەمکی مرۆڤ دەکات، جیاوازە لە نیشانە واتاییەکانی چەمکی شەیتان، تەنها چەمکی هاوبەشیان، ئافەریدەبوون و سەرپێچیکردنیانە، خاڵە جیاوازەکانیان فرەترە لە خاڵی ناوکۆییان، هەروەك أ.لە ڕووی فەلسەفەو ئایینەوە مادده پێکهێنەرەکانی شەیتان و مرۆڤ جیاوازن، بەجۆرێك شەیتان لە ڕەگەزی ئاگرو مرۆڤ لە ڕەگەزی خۆڵ و ئاوە، ب. شەیتان ئافەریدەیەکی نێو بەهەشت و مرۆڤ ئافەریدەیەکی سەرزەوی بووە، ت. مرۆڤ فۆرمێکی دیاریکراوو بینراوی هەبووە، شەیتان فۆرمێکی نەبینراوو ئەندێشەکراو.

ئەو لینکە چییە، کە دەبێتەهۆی بەستنەوەی چەمکی شەیتان بە مرۆڤەوەو وادەکات میتافۆریانە چەمکی یەکێکیان بەوی دیکەوە میتافۆریانە لەحیمبکات، یاخود بەپێی تیۆری چەمکی میتافۆری مەودای ئامانج Target Domain لە مەودای سەرچاوەدا Source Domain روونبکاتەوە، لێرەدا سیستەمی درککردنی مرۆڤ تەنها ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانی چەمکەکەدا نابینێت، بەڵکو وا لە وەرگر دەکات بە دوی دیوە نادیارەکەی پەیوەستەگیی نێوان مرۆڤ و شەیتاندا بگەڕێت، چونکە بنەما لۆجیکییەکە ئەوەیە، کە سیفەتی شەیتان بەشێك نییە لە سیفەتی مرۆڤ و یەکتری پێکناهێنن، ئەمەش مەودای بیرکردنەوەی ئاخێوەر فراواندەکات و وادەکات قسەپێکەری زمان لە ڕێگەی کەرەستە زمانییەکەوە هزریان سەرقاڵ بە چۆنێتیی تێکەڵبوونی پێکهاتە جیاوازەکان بکەن، ئا لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە ئاخۆ بۆچی مرۆڤ دەبێت شەیتان بێت؟ وەڵامگەڵێك بۆ ئەمە، لە خودی دەربڕاوی (١٢)دا لەوەدا بەدیدەکرێت، کە زیرەکیی مرۆڤ هێشتا لە ئاستی زیرەکیی شەیتاندا نییە، بۆیە زۆرکات ئەو کارانەی لە سنوری ژیریی مرۆڤ بەدەرن، دەخرێنەپاڵ شەیتان و ئەو بە بکەری جێبەجێکردنی کارە ئەستەمەکان دادەنرێت، کەواتە بەدیویکی تری دەربڕاوی (١٢) ئەوە شەیتانە، کە هەموو شتێکی پێدەکرێت و سنوری زیرەکی دەبڕێت، نەك مرۆڤ.

**١٣. من تەنها پێویستیم بە گوێی ئەوە، نەك شتێکی دیکە**

لێرەدا بەکارهێنانی (گوێ) بەکارهێنانێکی میتۆنیمیانەیە، بەو واتایەی بەشێك لەبری هەموو وەرگیراوەو ناوی گشتەکەی پێناونراوەتەوە، بەڵام تۆێکڵەواتای ئەم بەشە بە چەمکگەلی (هۆش، زانین، زانیاری) بەکارهاتووە، بەمەش (گوێ)لە ڕووی دەمارزانی و تۆێکارییەوە، ئەرکی بیستن و وەرگرتنی دەنگ و ناسینەوەو لەهەمانکات هاوسەنگیی ناوەکیدەپارێزێت، وردتر سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان و گەیاندنی بە خانە دەمارییەکانی مێشکە، ئەم ئەرکە بایلۆژییەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی بەکۆدکردنی زانیارییەکان و بەرهەمهێنانی میتۆنیمیەکە هەبووە، ئەم بەکارهێنانە میتۆنۆمییە لە پرۆسەی پەیوەندی و لەیەکگەیشتندا کاریگەری لەسەر ئایدیای بەرامبەر دروستدەکات و بۆ لێکدانەوەی پێویستی بە ئەزموونکردنە، ئەمەش وادەکات ببێتە هەڵگری جۆرێك لە مەعریفە، کە بە مەعریفەی پاشین گریمانەکراوە.

**١٤. منماڵێکم دەوێت بۆ ژیان، نەك خانوویەك بۆ کۆبوونەوە**

بەکارهێنانی هەردوو وشەی (ماڵ) و (خانوو) بە تۆێکڵەواتاکانیانەوە، بەکارهێنانێکی پارادۆکسانەیە، بەجۆرێك تۆێکڵەواتای ماڵ ئاماژە بە خۆشەویستی و پێکەوەیی دەکات، لەکاتێکدا تۆێکڵەواتای خانوو هەڵگری چەمکی نەرێی ژیانەکردن و نەبوونی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

خۆشەویستی و کۆبوونەوەیەکی بێگیان لە سنوری چوار دیواردا بەکارهاتووە، پراکتیزەکردنی ئەم زانیاریانە پەیوەستە بە کارامەیی چۆنێتیی بەکارهێنانی تۆێکڵەواتاکانیانەوە، نەك ئەوەی زانیارییەکان لەناو کرداربەندیی رستەکەدا هەڵگیرابێت، واتاهەر یەك لە پارادۆکسێتیی چەمکی [خۆشەویستی] بەشێك نییە لە کرۆکەواتای (ماڵ، خانوو)، بەڵکو ئەوە وەهابیرکردنەوەی کوردە بۆ وەسفکردنی شتەکان، بۆیە ئەمجۆرەش لە مەعریفە بە مەعریفەی پاشین گریمانەدەکەین.

بەپێچەوانەی تۆێکڵەواتاوە، هەندێ وشەی فەرهەنگی هەڵگری چەمکی کاریگەریی نەرێ، یاخود ئەرێن، واتە کاریگەرییەکانیان بەشێکن لە فیچەرەکانی کرۆکەواتای وشەکە، بۆنمونە جیاوازیی نێوان (قسەخۆش) و (قۆشمەچی)، لە کاریگەرییە فەرهەنگییەکەیدایە، کە قسەخۆش ئەرێنی و قۆشمەچی نەرێنییە، هەروەها هەندێك لە ئیدیۆمەکانیش هەڵگری واتا کاریگەرییەکانیانن، هەروەك لێکسیمەکانی (جوان)، (سەرنجراکیش)، (رووبازاری)، کە وشەی فەرهەنگیی (جوان) لەرووی کاریگەرییەوە بێلایەنە، ئیدیۆمی (سەرنجراکیش) بەپێی بەکارهێنانەکەی هەڵگری هەردوو جۆری کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنییە، لەکاتێکدا بەراورد بە سەرنجراکێش ئیدیۆمی (رووبازاری) نەرێنییە، بڕوانە نموونەی (١٦).

کەتیگۆریی ناو، هەڵگری کۆی خەسڵەتە راستەقینەکانێتی، بەتایبەت ئەو ناوانەی بنەمایەکی زانستییان هەیە، بۆنمونە وشەیەکی وەك (ئاو)، لە بەکارهێنانە باوەکەیدا شلەیەکی بێرەنگی، بێتامی، بێ بۆنە، پێکهێنەرە زانستییەکانی ئاو ($H_2O$)یە، ئەمەش کراوەتە بنەمایەك بۆ چێوەبەندکردنی ناساندنی ئاو. یاخود وشەیەکی وەك (چەقۆ) کۆی خەسڵەتەکانی کەرەستەی چەقۆیان هێناوەتە بوون، ئەمەش وادەکات کەتیگۆریی ناو کەتیگۆرییەکی حوکمکراو بێت، بەڵام کەتیگۆریی (ئاوەڵناو) وەسفێکی رێژەییانەیە بۆ ناوەکان، کەواتە راستێتی تێدانییە، بەڵکو حوکمکەری راستییەکانن.

## ٤/٢ تۆێکڵەواتا وەك حوکمی فراوانخوازیی/ سینسیتیکی

لێرەدا بار دەکەوێتە دەرەوەی بارهەڵگر/[بنە]، بەڵکو بەبێ شوناس پێوەی بەستراون، کە لای کانت ئەم حوکمە حوکمێکی فراوانکردنە، لەبەرئەوە حوکمی سینستیکی ئەو جۆرانەیە، کە بەهۆی ئەو بار، یان بەشەکردارییەکەوە دەدرێتە پاڵیان،و بەهۆی ئەو چەمکانەوە، کە گوزارشت لە (بار) دەکەن، وادەکەن بیربکەینەوە، بەمەش مەعریفەی زیاترمان لەبارەی خودی شتەکەوە دەستدەکەوێت. بۆ نمونە کاتێك دەوترێت (سوکرات فەیلەسوفە.)، ئەوا بەشەکردارییەکەی، کە (فەیلەسوفە)ە، لە دەرەوەی بەشە بکەرییەکەیدایە، بەو واتایەی فەیلەسوفبوون خەسڵەتێکی سروشتیی سوکرات نییە، بەڵکو بۆ (سوکرات) دەشێت بەدەستهاتووبێت، یاخود دووربێت لە راستەقینەوە، بۆئەوەی شوناسی ئەمە بدۆزرێتەوە، عەقڵ حوکمێکی سینسیتیکی دەداتو وەرگر ناچار بە گەڕان بە دووی راستییەکاندا دەکات، ئەم گەرانەش یان لە رێگەی هەستەکانەوە، یاخود لە رێگەی عەقڵەوە دەستەبەردەبێت .

ئەو چەشنە پێکهاتانەی زمان دەبنە هەڵگری ئەم جۆرە بڕیار/ حوکمە، کە:

١. هەردوو چەشنی کۆزانینی زمانی و دونیایی دەبنە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی چەمکێکی گوزارشتکراوی نوێ، بڕوانە کۆزانینی زمانی و دونیایی (شوشە)، کە بۆ وەسفی جوانی و هەم پاکوخاوێنیشە، کەچی (ئاوێنە) وێرای تێشکدانەوەو خۆتێدابینینەوە، واتا سەربارەکەی تەنها بۆ پاکوخاوێنییە، پرسیارەکە ئەمەیە: چی وایکردووە شوشە بۆ هەردوو چەمکی [جوانی، خاوێنی] بێت، بەڵام ئاوێنە تەنها بۆ [پاکوخاوێنی] بێت؟

١٥.أ. زەوییەکەی کردووە بە شوشە/ ئاوێنە.
١٥.ب. پێستی ئەڵێی شوشەیە.
١٥.پ. پێستی ئەڵێی ئاوێنەیە.*

ئا لێرەدا بەکارهێنانی تۆێکڵەواتای (شوشە، ئاوێنە) هزرێکی زانستیانە لەپشت دونیابینییەکەیەوە چونکە پێکهاتەکانی شوشەو روونی و بینینی هەردوو رووی تەنەکە لە شوشەدا هەمبەر بە پێکهاتەو رەنگی پێستی مرۆڤە، نەك لە هاوشێوەییدا، بەڵکو لە پەیبردن بە بەراوردکارە زانستییەکەیدایە، ئەم چەشنە مەعریفەیش لە تۆێکڵەواتای شوشەو ئاوێنەدا کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی تاك دەبێت، وایلێدەکات بە دووی نهێنییەکانی پەیوەستەگیی {شوشە/ پێست، ئاوێنە/ پاکوخاوێنی}دا بگەڕێت، ئەمەش بریتییەلە حوکمی سێنسیتیکی لە رێگەی زمانەوە.

٢. پەیبردن و درککردن بە لینکی هاوبەشی نێوان دوو شت، کە دەبێتەهۆی بەستنەوەی شتە جیاوازەکان، هەروەك بەکارهێنانە میتافۆرییەکان و میتۆنیمییەکان، کە هزری مرۆڤ بە چۆنێتیی بەستنەوەی دونیای شتە جیاوازەکانەوە سەرقاڵدەکات و بەهۆیەوە بیری نوێ بەرهەمدەهێنێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٣. ئاوێتەکردنی بیرە پارادۆکسەکان لە هێماکانی زماندا، بەتایبەت وشە هاوواتاکانی زمان، بۆ نموونە بڕوانە بەکارهێنانەکانی (١٣)، (١٤) هەروەها بڕوانە هاوواتای بەشەکیی (جوان/ سەرنجڕاکێش) لە (١٦) دا.

٤. بەرکەوتەی پێشینەی قسەکەر بە بابەتە کەرەستەیی و ناکەرەستەییەکانەوە، لێکەوتەی بیری جیاوازی لێدەکەوێتەوە و بەهۆیەوە چەمکی میتافۆری و میتۆنیمی جیاواز بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە بەرهەمهێنانی چەمکێکی میتافۆری وەك (من لە لوتکەدام.)، بە تەنها ئەزموونکردنی مرۆڤ نییە لەگەڵ سەرکەوتن، بەڵکو بەرکەوتەی ساتەوەختی هەستەکانی بەختەوەریی مرۆڤە پەیوەست بە شتە ناکەرەستەیی و کەرەستەییەکانەوە، رەنگە وەها بیربکرێتەوە، کە ئاراستەی خۆشی و سەرکەوتن هەمیشە بۆ سەرەوەیە، بەڵام کاتێك ئەزموونکردنی مرۆڤ لەگەڵ هەستە خۆشەکاندا بۆ خواریشەوەیە هەروەك دەوترێت (لە خۆشیدا بورایەوە./ لە خۆشیدا کەوتە سەر زەوی. / کە سەرکەوتنەکەی بەدەستهێنا کڕنووشی برد.)، بەمپێیە بەرکەوتەی پێشینەی مرۆڤ لەگەڵ شتە کەرەستەیی و ناکەرەستییەکان، یەکێکە لە هۆکارەکانی چۆنێتیی بیرکردنەوەی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی لە زماندا.

١٦.أ. بابەتێکی جوانە/ سەرنجڕاکیشە.
ب. ژنێکی جوانە.
ت. ژنێکی سەرنجڕاکێشە.

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەموو ئەو پێکهاتە واتاییانەی، چەمکێکیان بۆ سەرباردەکرێن و خۆیان بەشێك نین لە کرۆکەواتای وشەکە، ئەوا کاریگەری لەسەر چۆنێتیی بیرکردنەوەی وەرگر دروستدەکەن، زانیارییەکی نوێ بۆ پاشخانی هۆشی وەرگر زیاددەکەن، واتە لە رێگەی زانیارییەکی گۆڕاوو ناچەقبەستووەوە دەتوانرێت نەخشەی ئاوەزمەندێتیی تاك فراوانتر بکرێت و ببێتە بنەمایەك بۆ گۆڕینی ئەو نەخشە بیرییە لە داهاتوودا، هەر ئەمەش وا لە تاك دەکات، ببێتە تاکێکی بەرهەمهێنەرو کاراو چالاك لە پێشخستنی جیهاندا.

حوکمی سێنستیکی فەرهەنگی، بەدەر لە توێکڵەواتا وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، لایەنی نەرێنیی پرۆپۆزیشنی کرۆکەواتاکانیش دەگرێتەوە، هەروەك نەرێکردنی پرۆپۆزیشنی رستەیەکی وەك (هیچ ئەسپێکی سپی لە جیهاندا نییە.)، بەپێی گریمانەی پێشەکیی ئەو راستییە رەتناکرێتەوە، کە ئەسپ بەشێك نەبێت لە جیهان، بەڵکو قسەکەر لەگەڵ بەکۆدکردنی چەمکەکەدا لەرێی شێوازی بیرلێکردنەوەوە، دەکەوێتە پرۆسەی بەئەزموونکردنی کۆدەکە و ئاراستەکردنی بۆ وەرگریش بە هەمان شێوە وەرگر ناچار بە شێوازێك لە پەیبردن و بیرلێکردنەوە بە حەقیقەتی دەربڕاوەکە دەکات، بەمەش گریمانەی مەعریفەی پاشینە لە رستە راستەقینە نەرێکراوەکاندا تۆخدەبێتەوە.

**ئەنجام:**

بەپێی ئەو شیکردنەوانەی بۆ کرۆکەواتاو توێکڵەواتای وشەکان بەپێی مەعریفەی پێشینەو پاشینە ئەنجامدراوە، ئەم ئەنجامانەی لێدەستەبەردەکرێت:

١. مەعریفەی پێشینە هاوپێچ بە بەکارهێنانی کرۆکەواتاکان و رستە پرۆپۆزیشنە راستەقینەکان، بریتین لە کۆزانیاریی زمانی و لە جێبەجێکردنی پەیوەندییە باوەکاندا کەڵکەڵەوەرگیراوە، بەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی تاك ئاسۆییانە دەبێت، وادەکات مێشکی ئاخێوەر لەرێی بەکارهێنانی کرۆکەواتاکان و بەکارهێنانە باوەکانەوە چەقبەستوو ببێت، ئەم بەکارهێنانە باوەی زمانیش وادەکات کەمتر دەرفەتی بیرکردنەوە بە تاك ببەخشێت، جگەلەوەش ئەو حوکمەی بەهۆی کرۆکەواتای وشەکانەوە دەدرێت، بەجۆرێك لە رستەیەکدا کە گرێ ناوییەکە بەشێك بێت لە بەشە کردارییەکە، حوکمێکی شیکاری/ ئەنالیتیکییە، ئەمەش هۆکارە بۆ خەسڵەتی حوکمکردنی تاك لەسەر ئەوی تر بە شێوەیەکی فۆرمی، واتە ئاخێوەر حوکمردنێکی باو-انە لەسەر ئەوی دیکە، یاخود شتەکان دەدات، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەکان.

٢. ئەنجامێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، گریمانەکردنی مەعریفەی پاشینەیە بۆ توێکڵەواتا، سەربارکردنی واتاکان تەنها پەیبردنی تاك نییە، بەڵکو ئەزموونکردنی پەیپبردنەکە و بەرکەوتە لێکەوتەکانیشێتی لەگەڵ دونیادا، کە لە ئەنجامدا بیرێکی نوێ وەك چەمك بۆ کرۆکەواتای وشەکە زیاددەکرێت، بەجۆرێك فیچەرە سەربارکراوەکە بەشێك نییە لە بەشی کردارو کرداربەندیی رستەکە، بەڵکو دەکەوێتە دەرەوەی، بەمەش حوکمی زمان حوکمێکی فراوانخوازی/ سینسیتیکی دەبێت، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری فراوانکردنی تێفکرینی تاك و ستونیانەی بیرکردنەوەی تاك بەهۆی زمانەوە.

٣. ئەنجامی خاڵی (٢،١)، ئەو گریمانەیە دەستەبەردەکات، کە دونیابینی و سیستەمی درککردنی ئاخێوەر، لەسەر ئاستی ئاسۆیی کاریگەری لەسەر فراوانکردنی مەودای فەرهەنگی زمان هەیە، دواتر خودی ئەم فەرهەنگەش لە رێگەی بەکارهێنانی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(فەرهەنگە لەگەڵ ئەزموونکراوەکان)دا هەروەك لە تەوەری دووەمدا خراوەتەروو، کاریگەریی لەسەر ئاستی ستوونی بیرکردنەوە دروستدەکات و دەبێتە پێوەری تێفکرین و دونیابینی و ئەزموونی میللەتێك.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**


- **ئیمانیۆل کانت**، و: سۆران عومەر حەمە، رەخنەی عەقڵی پەتی، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، 2014، کوردستان.
- **حەمید عەزیز**، بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، 2005، هەولێر.
- شیلان عومەر حسین، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٧، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی
- **محەمەدی محوی**، زانستی هێماو هێما- واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی دووهەم، چاپخانەی پەیوەند، 2009، سلێمانی.


**بە زمانی عەرەبی**


- **جایستون باشلار**، ابستتمولوجیا- نصوص مختارة في ابستمولوجیا، ، ترجمة والتقدیم درویش حلوجي، طبعة الاولی ، القاهرة،1998
- **فهد بن عبدالله الچویحی**، إدارە المعرفه فی المكتبات ومراكز المعلومات : النظریة التطبیق، سبراریەنس جورنال، العدد 20، سبتمبر 2009.


**بە زمانی ئینگلیزی**


- **Chomisky**, Knowledge of Language: Its Elements and Origins, 1981, Jstor, US
- **Evans, V. & Green, M**. Cognitive Linguistics An introduction, 2006, Edinburgh university press.
- **David Crystal**, A dictionary of linguistics & Phonetics, fifth edition, 2003, Blackwell publishing.
- **James R. Huford**, Semantics, 2nd edition, 2007, Cambridge university press.
- **John Lyons**, Linguistic Semantics an introduction, 1996, Cambridge university press.
- **Nonako. I& Takeuchi**. **H**, The knowledge creating company, Newyourk, oxford university press.
- **Ochs, E. and Schieffelin**, B. (eds.) Developmental Pragmatics.1979. New York: Academic Press.


**ماڵپەڕ**


- http://www.journal.cybrarians.org/index.php?option=com_content&view=article&id=457:2011-08-11-22-22-29&catid=133:2009-05-20-09-50-11&Itemid=61
- Chris Kimble ‹Knowledge management, codification and tacit knowledgevol. 18 no. 2, June, 2013
- http://www.informationr.net/ir/18-2/paper577.html#.V5QLiBKy4Yg
- file:///C:/Users/Asia/AppData/Local/Temp/INDUCTIVEDEDUCTIVERESEARCHAPPROACH05032008300120142602019.pdf



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.4
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)